# زیادبونی قەبارەی دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان لەسەردەمی عەبباسیدا (١٣٢ -٦٥٦ ک/٧٤٩- ١٢٥٨ز)

## (توێژینەوەیەکی مێژوویی شیکارییە لە هۆکارەکانی زیادبونی دانیشتوان)

**رسول ابراهیم ڕسول**

بەشی مێژو، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەرین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

دانیشتوان وەک سەرەکیترین ڕەگەزی ئاوەدانی، خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتی و شارستانیان بەناوچە و هەرێمەکان بەخشیوە، وەک چۆن خۆیان کاریگەرییان لەسەر ڕوداوەکان هەیە و ڕەگەزێکی گرنگی دروستکردنیشیانن، بەهەمان شێوەش خۆشیان هەمیشە کەوتونەتە ژێر کاریگەری ڕوداوە سروشتی و مرۆییەکانەوە، ئیدی وەک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ژیانی لەڕوی چەندیەتی و چۆنیەتیەوە بەردەوام لە گۆڕانکاری دابوە، هەڵکشان و داکشانی ژمارەشیان یەکێکە لەو دیاردانە کە هیچ کات لێیدانەبڕاوە، دیارە ناوچە کوردنشینەکانیش وەک مەڵبەندێکی کۆنی ئاوەدانی و شارستانی وەک سروشتی هەر ناوچە و هەرێمێکی دیکە لەو خەسڵەتە بەدەرنەبوە، بەڕوداو و کارەساتی خۆش و ناخۆش گۆڕانکاری بەسەر ژمارەی دانیشتوانیدا هاتوە، بەتایبەت لەسەردەمی عەبباسیدا، کە ماوەیەکی پڕ ڕوداو و گۆڕانکارییە، کە تایبەتکراوە بە ماوەی توێژینەوەکە لەبارەی زیادبون و قەبارەی دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان، کە بەپشت بەستن بەزانیاری و واژەی مێژوویی ناو سەرچاوە ڕەسەنەکان تیشک دەخاتە سەر هۆکارە سروشتی و مرۆییەکانی زیادبونی دانیشتوان بەپێکهاتە جیاوازەکانیەوە، کە دو تەوەرەی سەرەکی لەخۆدەگرێت، لەڕەگەزەکانی گەشەکردن زیابونی سروشتی دانیشتوان و هۆکارە مرۆییەکانی زیابون و گەشەکردنیان، بۆ ئەنجامدانیشی پشت بەچەندان سەرچاوەی ڕەسەن و توێژینەوەی ئەکادیمی نوێ بەستراوە، بە ئامانجی ئەوەی خزمەتێکی بچوک بەڕەوتی زانستی و مێژوویی کورد بکرێت و مایەی ئاوڕدانەوەی زیاتری ئەم لایەنە بێت، پاشان ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەڕو.

**کلیلە وشەکان:** گەشەی دانیشتوان، هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان، شارە کوردییەکان.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

**Received:** 28- October -2021

**Accepted:** 13-December-2021

**Published:** 29-June-2022

**Corresponding Author E-mail:** rasul.ibrahim@uor.edu.krd

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەكی:

توێژینەوە لە جوگرافیای دانیشتوان بابەتێكی گرنگ و فرەڕەهەندە، لەهەر قۆناغێكی مێژوییدا خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەڕاستیشدا دانیشتوان سەرچاوەی هەرە كارای ئاوەدانین و ڕەگەزێكی سەرەكی و دروستكەری ڕوداوی مێژوین، ئەمەش وایكردوە كە ئاشنابون بە سروشت و بزاوتی دانیشتوان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و پێكهاتەی ئایینی و مەزەبی دەرچەبن بۆ پەیبردن بە بەشێك لە هۆكار و خوێندنەوە و شیكاركردنی ڕوداوەكان و تەنانەت دانانی نەخشە ڕێگای داهاتوی هەر شار و وڵاتێك، دیارە كوردستانیش بەدرێژایی مێژو نەك خاڵی نەبوە لە دانیشتوان، بەڵكو مەڵبەندی ئاوەدانی و شارستانی كۆنیش بوە، كە هەلومەرجە سروشتییەكەی لە خاك و ئاوهەوا و هەڵكەوتەی جوگرافی، دەرفەتی ژیانكردن و تێدامانەوەی بۆ چەندان گروپ و پێكهاتە و دەستەی كۆمەڵایەتی ڕەخساندوە، هەرئەمەش وایكردوە كە كاریگەرییان بەسەر لایەنی شارستانی بەگشتی بەسەر ناوچەكەدا بەجێبمێنێ، بەتایبەت ئەو قۆناغەی كە جێی بایەخی توێژینەوەكەیە، كە سەردەمی خیلافەتی عەبباسییە، هەربۆیە توێژینەوەكە بەم ناونیشانە تایبەتكراوە، كە توێژینەوەیەكە لە هۆكارە سروشتی و مرۆییەكانی زیادبونی ژمارەی دانیشتوان، ئەگەرچی بە هۆكارگەلی دیكەی لەمجۆرە (سروشتی و مرۆیی) بەپێچەوانەشەوە كاریگەری خراپ لەسەر كەمبونەوەی قەبارەی دانیشتوان دادەنێن، كە جێی مەبەستی باسكردن نین، ئەوەی جێی بایەخی توێژینەوەكەیە، هۆكارە ئەرێنی و زیادبونی ژمارەی دانیشتوانە.

گرنگی و بایەخی بابەتەكە بۆ توێژینەوە: لەوەدایە كە تیشك دەخاتەسەر ڕەگەز و لایەنێكی گرنگی ژیانی ئاوەدانی ناوچە كوردنشینەكان، كە ئەویش دانیشتوانن، كە خوڵقێنەری ڕوداوەكان و هەم خۆشیان لە ژێركاریگەری ئەواندابو (بەسروشتی و مرۆییەوە)، بۆیە ئاشنابونی بەم لایەنە دەرچەیە بۆ شیكردنەوەی زیاتری ڕوداوەكان و دەرخستنی زۆر لایەنی شاراوەی شارستانی.

هۆكاری هەڵبژاردنی بابەتەكە: لە ڕاستیدا لێكۆڵینەوە لەسەر پێكهاتەی دانیشتوان لەڕوی نەتەوەیی و ئایینییەوە زۆر كراوە، بەڵام بەتایبەت لەسەر زۆربونی دانیشتوان شتێكی سەربەخۆ لەم قۆناغەدا كەمە یان وەچنگ ناكەوێت، نەخاسمە لێكۆڵینەوە لەمجۆرە بابەتانە ئەمڕۆ هەرە گرنگ و بایەخدارە لە چوارچێوەی زانستی جوگرافیای دانیشتواندا، چ جای ئەوەی بۆ ئەو قۆناغی لێكۆڵینەوەش هەر زۆر گرنگە، كە یەكێكە لەو قۆناغە گرنگانەی كە پڕ ڕوداو و گۆڕانكاری جڤاكی و شارستانییە، هەڵدەگرێت كە لێكۆڵینەوەی تایبەت بە زیادبون و گەشەی دانیشتوان لەم قۆناغەدا ئەنجام بدرێت.

ڕێبازی توێژینەوە: بەلەبەرچاوگرتنی سروشتی توێنەوەكە، كە توێژینەوەیەكی مێژویی شیكارییە، هەردەبێت پشت بە میتۆدی مێژوی ببەسترێت، لە پاڵیدا میتۆدی شیكاری شرۆڤەكاری ڕوداوەكانیش لەبەرچاوگیراوە، كە بەپشتبەستن بەسەرچاوە ڕەسەنەكان و شیكردنەوەی ڕوداوەكان و ئاماژەی توێژەرانی نوێ تاوتوێی بابەتەكە كراوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

ئامانجەکانی توێژینەوەکە: دیارە یەکێک لەو گۆڕانکارییە گەورانەی کە لەمبارەیەوە بەسەر ناوچە کوردنشینەکاندا هاتون، بریتیبوە لە هەڵکشان و داکشانی ژمارەی دانیشتوان و گۆڕانکاری لە پێکهاتەی نەتەوەیی کە بێگومان هۆکاری جیاوازیان لەپشت بوە، ئامانج لەو توێژینەوەیەش ڕاڤەکردنی زانستیانەی وردی زیادبونی قەبارەی دانیشتوانە، لەگەڵ خستەڕوی ئەو هۆکارانەی لەمبارەیەوە کاریگەرییان هەبوە.

پرسی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ گەڕان بەدوای وەڵامی چەند پرسیارێک دەربارەی ژمارەی دانیشتوان و بزوتنەوە و گەشەیان، لەوانە ئایا قەبارەی دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان چەند بوە؟ ئەو هۆکارانەی کاریگەریان لەسەر زیادبونی ژمارەی دانیشتوان داناوە چیبون؟ ڕادەی کاریگەری هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان چۆنبوە؟ ئەمانە و چەند پرسێکی دیکە دەبنە بابەتی شەن و کەوکردن.

گرفتەکانی توێژینەوە: هەرچەندە لێکۆڵینەوە لەم بابەتە لێڵ و نادیارە و بەگرێ و گۆڵە، گرفتی سەرەکی بریتیبوە لە نەبونی زانیاری و داتای ورد لەسەر قەبارەی دانیشتوان، لەسەرچاوەکاندا بەگشتی بە نمونەی واژەی دانیشتوانی زۆربوە و قەرەباڵغ و جەنجاڵ بون ئاماژەیان بۆکراوە، بۆیە زۆرجار پشت بەشیکردنەوەی ڕوداوەکان بەستراوە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە دو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتوە، لەوانە باسکردن لە ڕەگەزەکانی گەشەکردن و زیادبونی سروشتی دانیشتوان، تەوەرەی دوەمی تایبەت کراوە بە هۆکارەکانی زیادبونی ژمارەی دانیشتوان، لە نمونەی هۆکاری ئابوری و هۆکارەکانی مرۆییەکان کە خۆیان لە ڕێژەی لەدایکبون و مردن و دیاردەی کۆچدا دەبینێتەوە، ئەوە جگە لەم پێشەکییە و پوختەی ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەیەک بەزمانی ئینگلیزی.

شیکردنەوەی سەرچاوەکان: لەڕاستیدا لەسەر پێکهاتەی دانیشتوان پێشتر لەلایەن توێژەرانەوە بابەت و توێژینەوە نوسراون، بەڵام قسەکردن لەسەر قەبارەیان نەبۆتە بابەتێکی تایبەت، بۆیە سەرباری ئەوەی سودی زۆر لەمجۆرە توێژینەوانە وەرگیراوە و زۆرجاریش بۆ دوبارەنەکردنەوەی زانیارییەکان ڕێنوێنی خوێنەر کراوە بۆ گەڕانەوە بۆ سەریان، لەوانە (المدينه الكوردية)(فرهاد حاجي عبوش) و (کوردو کوردستان لەدیدی گەریدە و وڵاتناسانی موسڵمان)(حكيم احمد خۆشناو)(ژیانی کۆمەڵایەتی کورد) (فائیزه محمد عزت) و چەندانی تر، کە هەریەکەیان بەجۆرێک لە جۆرەکان سودیان لێوەرگیراوە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا پشت بە چەندان سەرچاوەی ڕەسەن و ژێدەری تایبەتمەند بەستراوە، بەتایبەت سەرچاوەی وڵاتناس و گەڕیدە موسڵمانەکان خزمەتێکی زۆری توێژینەوەکەیان کردوە، کە زانیاری گرنگ و پڕبایەخیان لەمبارەیەوە تێدایە، لە نمونەی ئەوانە (البلدان)ی(اليعقوبي)(ت.٢٩٢ ە/ ٩٠٥م) و (صورة الارض)ی (ابن حوقل)(ت٣٦٧ ە / ٩٧٧م) و(أحسن التقاسيم)( المقدسي)(ت.٣٨٠ ە / ٩٩٠م) و (مسالک الابصار)ی (ابن فضل الله العمري)(ت.٧٤٩ ە / ١٣٤٨م)، چەندانی دیکە، سەرباری سەرچاوەکانی مێژوی گشتی کە لەبەر درێژنەبونەوەی بابەتەکە نەنوسراون و لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەیان بۆکراوە، بەهەرحاڵ توێژینەوەکەش بێ کەموکوری نییە، بەڵام بەو ئومێدەی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

خزمەتێکی بچوکی بابەتەکەمان کردبێت و هۆکاربێت بۆ توێژینەوەی بەپێزتر و دەوڵەمەنتر لەلای توێژەرانی دیکەوە.

## تەوەرەی یەکەم: ڕەگەزەکانی گەشەکردن و زیابونی سروشتی دانیشتوان:

ژیانی ئاوەدانی و شارنشینی لە کوردستان دیرۆکێکی کۆنی هەیە، کە بەدەرنین لەو بنەما مێژویی و هۆکارە جوگرافیانەی کە شـــاریان لەســـەر بنیاتنراوە، ئیدی بەدرێژایی قۆناغە جیاوازەکانی مێژو، ڕوبەر و قەبارەیان وەک خۆیان نەماوەتەوە، لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە و لەشـارێکەوە بۆ شـارێکی دیکە جیاواز بوە، بەتایبەتیش دانیشـــتوان بەســـەرجەم پێکهاتە و ڕەگەزە جیاوازەکانیەوە، کە لەناوچە کوردنشـــینەکان ژیاون، هەرچەندە ئاخاوتن لەسەر پێکهاتە و قەبارەی دانیشتوان تاڕادەیەک ناڕۆشنی پێوە دیارە، گرانە بەوردی بتوانرێت دەست نیشـــانی ژمارە و ڕەگەزەکانی بکرێت، بەڵام لەگەڵ هەمو ئەمانەشـــدا دانیشـــتوان ســـەرچاوەی هەرە کارای ئاوەدانی ناوچە کوردنشـــینەکان بون، کە لەدێرزەمانەوە لە جێنشـــینەکان و گروپە کۆچەرییەکان پێکهاتون، کە بەگشـتی توێژەرێک لەســـەر بنەمای چۆنیەتی نیشـــتەجێبون و شـــێوەی گوزەرانیان لەســـەدەکانی ناوەڕاســـتدا بەسەر (ڕەوەند و گوندنشین و شارنشین)دا پۆڵێنیکردون(زرار صديق توفيق، ٢٠١٤ :٥١).

یەکێک لەو گۆڕانکارییانەی کە لە قۆناغێکدا بەســـەر زۆرێک لە پێکهاتەی شـــارە کوردییەکاندا هاتوە، گەشـــەکردن و فراوانبونی ڕوبەر و قەبارەیان بوە، ئەمەش شـــتێکی ئاســـاییە، چونکە وەک ســـروشـــتی هەر ســـەردەم و ناوچەیەکی دیکە، هەمیشـــە ئەو شـــار و شـــارۆچکانە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی هەمەکارە و لابەلا بە هۆکاری جیاواز بۆ خۆیان ڕادەکێشـن، ئەوا نەک هەر ناوەندی شـارەکان بەڵکو گوند و دەوروبەریشـی فراوان دەبێت، لە کاتێکدا سـەدان ئاوەدانی لەمجۆرە لە کوردسـتان هەبون(فرهاد حاجي عبوش، ٢٠٠٤ :٢٦؛ حكيم احمد خۆشـــناو،٢٠١٤: ١٩٠)، زۆرجاریش ئاوایی و گەڕەکی نوێش دروســـتبون، بەمەش ژمارەی دانیشـــتوانیان زیـاددەکـات، لـەڕاســـتیشـــدا دیـاردەی گـەشـــەی دانیشـــتوان و فراوانبونی ڕوبـەر و کـاریگـەری و بەرپرســـیاریەتیەکانیشـــی بەرامبەر ناوچەکانی دەوروبەر(ضـــواحي المدينة) وەک خەســـڵەتێکی گشـــتی و تایبەتمەندییەکی شار سەیردەکرێت(بێستون حسێن اسماعيل، ٢٠١٣: ١٠٠).

دیارە قسـەکردن لەسـەر قەبارەی شـارەکان و گەشـەکردنیان دو ڕوی هەیە، لەلایەک پەیوەندی بە زیادبونی ژمارەی دانیشـــتوان و گەورەبونی قەبارەیانەوە هەیە، لەلایەکی تریشـــەوە پەیوەندی بەگەشـــەی کۆمەڵایەتی و شـــارســـتانییەوە هەیە، بەڵام لەهەردو بارەکەدا کاریگەریان بەســـەر یەکتری و گەشـــەی شـــاریشـــەوە هەیە، تێگەیشتن و ڕونکردنەوەی ئەم ڕەهەندە گرنگەش، بەبێ خستنەڕوی زانیاری لەسەر دانیشتوان مەحاڵە، دورایی و بایەخی تایبەتمەندییە دیموگرافییەکانی هەر هەرێم و شـــارێکیش بەبێ تاوتوێکردنی قەبارەی دانیشـــتوانی و بەبێ ڕەچاوکردن و لێکدانەوەی ئەو هۆکارانەی پەیوەندیان بە پەیدابون و گەشـــەکردنی ئەو تایبەتمەندیانەوە هەیە دەرناکەوێت، چونکە ئاشکرایە هەر گۆڕانکارییەک کە بەسەر قەبارەی دانیشتوان دادێت کاریگەری لەسەر گەشەی دانیشتوانیش بەجێدەهێڵێت، بۆیە دانیشتوان وەک جەستەیەکی زیندو هەمیشە لە گۆڕانکاریدان، ڕۆژانە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

ژمارەیەک دێنە سـەری، لەڕێی لەدایکبون و کۆچ و بە کۆچی پێچەوانە و مردنیش ژمارەیەک کەم دەبنەوە، لەبەرئەوە قەبارەی دانیشتوانی هیچ شارێک بەردەوام بەجێگیری نامێنێتەوە، بەڵکو لەبەردەم ئەگەری هەڵکشان و داکشـاندان، ئەمەش پەیوەندی بە دو بنەمای دیموگرافیەوە هەیە، کە بریتین لە جوڵەی سـروشـتی و جوڵەی شوێنجێیە(بیستون حسێن اسماعیل، ٢٠١٣: ١٤).

ئەوەی لەمبارەیەوە پشـتی پێبەسـتراوە و خزمەتی بابەتەکەی کردوە، کۆمەڵێ زانیاری گشـتی و گوتەی زارەکی و مەزەندە و لێدوان و ئاماژەی سـەرچاوە ڕەسـەنەکان و شـیکردنەوەی توێژەرانی نوێیە، لەگەڵ لێکدانەوەی ڕاسـتی ئەو ڕوداوانەی کە گەشـەکردنی شـارەکانیان لەپاڵ ڕوداوە گشـتیەکاندا خسـتۆتەڕو، کە ئاماژەن بۆ جەنجاڵی ژمارەی دانیشـتوان و ئاسـتی ئاوەدانی و پێشـکەوتنیان، لەپاڵیاندا تاوتوێکردنی ئەو هەلومەجە سروشتی و کۆمەلایەتیانەی زەمینەی لەباریان لەمبارەیەوە لە ناوچەکەدا ڕەخساندوە.

دیارە یەکێک لە شێواز و ڕێگاکانی زیادبونی ژمارەی دانیشتوان بەگشتی، بریتییە لەزیادبونی سروشتی، کە بە ڕەگەزێکی بنچینەیی و سـەرەکی دادەنرێت، کە کاردەکاتە سـەر پێکهاتە و تایبەتمەندییە دیموگرافیە جیاوازییەکانی گەشەی دانیشتوان، کە بە زاراوەکانی (گۆڕانی سروشتی و یان جوڵەی سروشتی) دانیشتوان ناسـێنراوە، کە خۆی لەجیاوازی نێوان ڕێژەی لەدایکبون (زاوزێ) یان وەچەنانەوە و مردندا دەبینێتەوە (عەبدلا غەفور، ٢٠١٢: ٨٢)، کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش سـروشـتێکی دینامێکی جولاوی هەیە، بەهۆی ئەو جوڵە بەردەوامەی کە بەسـەر ڕێژەی زیادبون و کەمبونەوەی دانیشـتواندا دێت، ئەمەش وایکردوە کە هیچ کۆمەڵگایەک وەسـتاو نەبێت، زیادبونی سـروشـتیش پشـت بەڕێژەی لەدایکبون و مردن دەبەسـتێت، کە وەک دو دیاردەی بایەلۆجی جیاواز، واتە تاوەکو ڕێژەی لەدایکبون زیادبێت و مردن کەم بێت قەبارەی دانیشـتوان زیاددەکات، بە پێچەوانەشـەوە کەمدەکات، بەلام ئاسـتی بەرزی و نزمیان لەنێو دانیشـتواندا پەیوەسـتە بە کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەلایەتی و ئابوری و بایەلۆجی و سروشتی، کە پەیوەندییان بە توانا و ئارەزوی زاوزێ و هاوسەرگیری و فرەژنی و زۆری منداڵەوە هەیە(عبدولا غەفور، ٢٠١٢: ٤٣- ٤٤)، دیارە کە کۆمەڵگەی کوردیش لەو دیاردە کۆمەلایەتییە و هۆکارانە بەدەر نییە، بەلام ئەو جۆرە داتا و ئامارانەی کە ڕێژە و قەبارەی ئەم دیاردە کۆمەلایەتییە دیاریدەکەن، بەردەسـتبونیان ئاسـان نییە، چونکە هیچ ئامارێکی فەرمی و نافەرمی بۆ تۆماری ئەمجۆرە زانیارییانە لەو قۆناغەدا بەردەست و کارپێکراو نەبوە، جگە لە ئاماژە و لێدوانی سەرچاوەکان لەسەر ژمارەی دانیشـتوان و ڕێژەی مردوان، کە بەهۆی کارەسـاتە سـروشـتی و مرۆییەکانەوە لەناوچون، یاخود بەهۆی دیاردەی کۆچ و کۆچبارییەوە بەجۆرە جیاوازیەکانیەوە کاریگەریان لەسـەر قەبارەی دانیشـتوان دروستکردوە، ئەگەرچی لەدایکبون و مردن دو دیاردەی بایەلۆجین، کە کەم و زۆر لەناو کۆمەڵگەی کوردیشدا کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان هەبوە، بۆیە پێویستە بەکورتی ئاماژەیان بۆ بکرێت.

دیاردەی زاوزێ یان لەدایکبون و وەچەنانەوە لەناوکۆمەڵگەی کوردیدا، دیاردەیەکی باو و بەربلاوبوە، دیاردەیەکە پەیوەندی بە خواسـتی مرۆڤەوە هەیە، بەپێچەوانەی مردن کە نەخواسـتی تاکەکانی لەسـەرە نە بەویسـت و ئیرادەی مرۆڤیشـە، کە ئەمەش جیاوازی نێوان ژیان و مردنە(ابن سـیدە، ١٩٩٦: ١/ ١٨٠)، پرۆسـەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

هاوسـەگیری و پێکهێنانی ژیانی هاوبەشـی خێزانی بەرپرسـە لەمانەوە و بەردەوامیدان بە ژیان و کۆمەڵگاکان، سـەرچاوەی نانەوەی وەچەیە، کۆمەڵگەی کوردیش وەک کۆمەڵگەیەکی موسـڵمان، لەژێر کاریگەری ئاییندا بەبایەخەوە لە پرۆسـەکەی ڕوانیوە و جێەجێیکردوە، وەک پەیڕەوکارێکی پابەند بە ئاین و فەرمودە یان بەمانایەکی دیکە ئەهلی سـوننە و جەماعەت(المقدسـي، ١٩٩١: ١٤٢، ٣٧٣، ٣٨٨)، ئەوەی ئاشـکراشـە ئەم بابەتە لە کرۆکی ئایینی ئیسلامدا بەپیرۆزی و گەورە دانراوە، تێکست و دەقە شەرعیەکان هانی پێکهێنانی خیزانیان زۆر داوە(الغزالي، د.ت: ٢/ ٢٢).

خێزانی کوردیش بەگوێرەی دابونەریت لە خانەوادەی گەورە و فراوان پێکهاتوە، کە خۆی لە هاوسـەرەکان و کوڕ و کچ و نەوەکان بینیوەتەوە، جا ئەو خانەوادەیە کۆچەری یان گوندنشـین یان شـارنشـین بوبێت(فائیزە محمد عزت، ٢٠١٤: ٩٣)، بەگوێرەی لێدوانی هەندێ لەو گەڕیدانەش بێت، کە گەشـتی ناوچە کوردنشـینەکانیان کردوە، بە چاوی خۆیان پێکهاتەی خێزانی کوردییان بینیوە، ئاماژەیان بۆئەوە کردوە کە لە ماڵێکدا و لە پیاوێک (باپیرە)دا یاخود خانەوادەیەک دە خێزان دەکەوێتەوە(الاصـطخري، ٢٠٠٤: ٩٩؛ ابن ابن حوقل، ١٩٣٨ : ٢، ٢٦٥)، ئەگەر سەرنج لە مێژوی بنەماڵە و خێڵ و هۆزەکانی کوردیش لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بدرێت، ئەوا ڕاستی ئەو وتانە دەسەلمێنرێت، لەکاتێکدا سەدان تیرە و هۆز و خێڵی گەورە لە ناوچە کوردنیشنەکان ژیاون(المسعودي، ٢٠٠٥: ١/ ٢١٨)، هەروەک گەریدەیەکیش قەبارەی دانیشتوانی شارەزوری بە (شەست هەزار!) ماڵ مەزەندە کردوە(مسعر بن مهلهل، ١٩٦٠: ١٨)، ئەگەرچی زیادەڕۆیی لەم گوتەیەدا هەیە، بەڵام ئاماژەیە بۆ زۆری ڕێژەی دانیشـتوانی ناوچەکە، ئەگەر قەبارەی هەر ماڵێکیش لەبەرچاوبگیرێت، بە پشـت بەسـتن بە لێدوانی (الاصـطخري ت. ٣٤٦ ه/ ٩٥٧ م)، ئەوە بێگومان بەڵگەن لەسـەر زۆری ژمارەی دانیشـتوان، ئەمەش لەگەڵ کەلتور و نەریتی کۆمەڵایەتی هۆزە کوردییەکان گونجاوە، کە بەردەوام ئارەزوی زۆری وەچەنانەوە دەکەن، سـەرباری هۆکارێکی دیکە، کە دواتر دەبنە جێی قسە لەسەر کردن، گەڕیدەیەکی دیکەش ئاماژەی بەڕاستی و دروستی ئەو وتانە کردوە، ئەو قەبارەی هۆز و خێڵەکانی بهپیوەر و خەملاندنی ژمارەی پیاو و ئەو جەنگاوەرانەی کە هەر هۆزێک خاوەنی بوە مەزەندەکردوە(ابن فضل الله العمري، ٢٠١٠: ٣/ ٢٦٠-٢٦١، ٢٦٦، ٢٧٠؛ القلقشندي، د.ت : ٤/ ٣٧٣)، ئەگەر زۆری ڕێژەی هۆزەکانیش لەبەرچاوبگیرێت، ئەوە ئەو مەزەندەی کە بۆ ڕێژەی کورد کراوە، کە پێکهاتەیەکی لە ژمارنەهاتون (ابن فضـل الله العمري، ١٩٨٨: ٥٨)، تاڕادەیەکی زۆر دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، ئەمە لە کاتێکدا لە دەرەوەی ناوچە کوردنشـینەکانیشـدا دەیان هۆز و خێڵ و تیرە و بنەماڵەی بە قەبارەی گەورە و بچوک بە هۆکاری جیاواز ژیاون(حسـێن عبدالرحمن حسـێن، ٢٠١٧: ١٩)، بەهەرحاڵ هەرچەندە ئەم گوتانە گشـتین، بەتەنها پەیوەسـت نین بە شارنشین یان گوند و کۆچەرییەکانەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت بەڵگەن لەسەر زۆری ژمارەی کورد.

دیارە زیادبونی سروشتی دانیشتوانیش بەقەبارەی تێکرای لەدایکبون و مردن پەیوەستە، ئەمەش حاڵەتێکە لە هەمو سـەردەمێکدا ڕۆڵی گێڕاوە و لە کاریگەریش ناکەوێت، بەڵکو هەروەک شـارەزایانی بواری زانسـتی جوگرافی دانیشـتوان ڕونیانکردۆتەوە، ئەویش بە کۆمەڵێک هۆکارەوە پەیوەندیدارە، کۆمەڵگەی کوردیش لەو


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

حاڵەتە فسـیۆلۆجیەدا لە کەوتنە ژێر کاریگەری کۆمەڵێ هۆکار بەدەرنەبوە، کە شـوێنی خۆیەتی بەکورتی تیشکیان بخرێتەسەر.

### تەوەرەی دووەم: ئەو هۆکارانە کاریگەرییان لەسەر زیادبونی دانیشتوان هەبوە:

ئەوەی لێرەدا جێی مەبەسـتی باسـکردنە، ئەو هۆکارانەن کە بەپێی شـرۆڤەکردن و لێکدانەوەی شـارەزایانی بوارەکە کە بەگشتی دەبنە هۆی زیادبونی سروشتی ژمارەی دانیشتوان، کە خۆیان لەچەند خاڵێکدا دەبینەوە، مەبەسـتمان هۆکارەکانی گەشـەکردنی شـارەکان نییە، کە ئەمە بابەتێکی دیکەیە، بەهەرحاڵ ئەم تەوەرە تایبەتکراوە بە باسـکردنی چەند هۆکارێکی مرۆیی کە کاریگەرییان لەسـەر قەبارەی دانیشـتوانی ناوچە کوردنشینەکان هەبوە، کە بەپشت بەستن بە زانیارییەکانی بەردەست بەکورتی باسیان لێوە دەکرێت.

#### أ- هۆکاری ئابوری:

بە یەکێک لەو هۆکارە گرنگانە دانراوە، کە کاریگەری فرەڕەهەند لە زۆربونی سروشتی و لەدایکبون دەکات، لە نمونەی باری ژیان و گوزەران و ئاسـتی بژێوی لە لایەک، فرە بەرهەمی و ڕزق و ڕۆزی و بەردەسـتبونی پێویسـتییەکانی ژیانی ڕۆژانەی دانیشـتوان لەلایەکی دیکەوە، کە ئاسـتی ژیان و چینەکانیشـی پێدیاریکراوە، ئەوەی گرنگە لەو بارەیەوە بۆ ئەو قۆناغە گرنگەی مێژو کە ماوەی لێکۆڵینەوەکەیە، هۆکاری ئابوری پەیوەندی بە شـێوەی ژیانی کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە، بەهۆی ئەوەی لەبنچینەدا کۆمەڵگاکە کشـتوکاڵی بوە (حکیم احمد خۆشناو، ٢٠١٤: ٢٧٢)، هەڵکەوتەی جوگرافی و سروشتی ناوچەکە کشتوکاڵی وەک پیشەی سەرەکی و هۆکارێک بۆ بژێوی ژیان بەسـەر کوردا سـەپاندوە، بۆتە پیشـەیەک کە زۆرینەی دانیشـتوان ژیانیان لەسـەر ئەم پیشـەیە بەندبێت(زرار صـدیق توفیق، ٢٠٠٧: ١١)، سـروشـتی ئەم پیشـەیەش وایە کە بۆ ڕایکردن و هاوکاریکردنی ئیش و کارەکانی پێویسـتی بە هاوکاری سـەرجەم ئەندامانی خانەوادە و بەدەسـتی کاری زۆر هەیە(محمد محمود و طە عثمان، ١٩٦٠: ٣٢٩)، بۆیە منداڵان بەسـەرچاوەیەکی دەسـتی کار دادەنرێن، بەتایبەتیش ڕەگەزی نێر بەشـداری و هابەشـی زۆر لە کاری کشـتوکاڵی و ئاژەڵداریدا لە کۆمەڵگای کوردیدا کردوە، بەجۆرێک هاوبەشـی باوان بۆ دابینکردنی پێویسـتییەکانی ژیان و گوزەران دەکەن، بۆیە بەچاوی ئومێدی دواڕۆژ و بە هاناوەچونیان لە ڕۆژی تەنگەتاوی و پێویستی لە منداڵەکانیان دەڕوانن(عبدولا غەفور، ٢٠١٢: ٨٤)، ئەمانەش وادەکەن بەبایەخەوە لە منداڵ بڕوان و ئەوەندەی پێز و توانای زاوزێ هەبوە وەچە بنێنەوە، قەرەباڵغی خێزانی کوردیش(ابن ابن حوقل، ١٩٣٨ : ٢، ٢٦٥) بەڵگەیەکی دیارە لەمبارەیەوە، وەکو نەریتیش ئەمجۆرە ئیشـە وایکردوە، کە چەندان خێزان بەیەکەوە لەشـوێنیک کۆببنەوە و هاریکاری یەکتر بکەن لە ڕایکردنی کاروباری کشـتوکاڵی و ئاژەڵداریدا(مەلا محمودی بایەزیدی، ٢٠١٥: ٣١).

لە لایەکی دیکەوە ژیانی ئابوری هەر بە کشـتوکاڵەوە پەیوەسـتنەبوە، بەڵکو بازرگانی و پیشـەگەریش لایەنێکی گرنگی هەندێ لە شـارەکان بوە، کە خەڵکی بەهۆیەوە دەوڵەمەندبون و شـارەکانیش بوژاونەوە،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

بەسەرنجدان لە هەندێ دەق ئەوە بەرچاودەکەوێت، کە ئەو شارانەی بارودۆخی ئابوری و بژێویان باشبوە و ئاوەدان پڕ مەعیشەت بون، ژمارەی دانیشتوانیان زۆر بوە، بۆ نمونە شارەکانی وەک(اشنه و خوي و سلماس و برگری و خلاط و بدلیس)(المؤلف المجهول، ١٤٢٣ ه : ١٦٠، ١٦٤، ١٦٦)، ڕاستە بونی سەرچاوەی پەیداکردن داهات هۆکارن بۆ سەرنج ڕاکێشانی دانیشتوان تاوەکو لەو جۆرە شوێنانە کۆببنەوە، بەڵام بۆ ئەم قۆناغەش ئاستی بژێوی هۆکاربوە بۆ وەچەنانەوەی زیاتر و زاوزێ، بۆیە دەکرێت بە هۆکارێکی گەشەی دانیشتوان بزانرێت.

لەلایەکی دیکەشەوە زاڵی سستەمی خێڵەیەتی و هۆزگەری لەناو کۆمەڵگای کوردیدا، بەتایبەت لەو قۆناغەدا، زۆربەی کات وایکردوە لەپێناو دەستگرتن بەسەر بەرفراوانترین ڕوبەری زەویوزاری کشتوکاڵی و هەژمونی دەرەبەگی خۆیان لەململانێی بەردەوام دابن، ئەوەی لە ناوخێڵەکانیشدا بەدیدەکرێت، پەیوەستبونە بەزەوی، سەبارەت بە تاکەکانیش خێڵ تاکە پەناگەی ئارام بەخشبوە، بە جۆرێک لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئاسایشی تاکی کورد وابەستەی بڕی ئەو داکۆکییە بوە، کە خێڵ ڕۆڵی گرنگی لەدەستەبەرکردنیدا بینیوە، سەرۆک خێڵیش پشتی بەو دەمارگیرییە بەستوە، کە ئەندامانی بە خێڵەکەیەوە بەستۆتەوە، ئەمەش لەپاڵ هێزی ئابوری کە سەرچاوەکەی داهات وماڵیاتی ئەو زەوی‌وزارە دەرەبەگیانە بوە، کە میر و سەرۆک خێڵەکان بەسەر خەڵکدا سەپاندبویان(حسام الدين نەقشبەندی، ٢٠٠٨: ٤٤٩)، لەپاڵ ئەمەدا هێزی مرۆیشی لە ئەندامانی خێڵەکەی بەردەستبوە، ئەویش بەسودوەرگرتن لە زۆری ژمارەی ئەو میرسوار و جەنگاوەرانەی کە هەر خێڵێک خاوەنی بوە(ابن فضل الله العمري، ٢٠١٠: ٣/ ٢٦٠-٢٦١)، سەنگ و قوساییی دەرەبەگیشیان هەر بەو هێزە مرۆییەوە بەندبوە، ئەمەش خێزان و بنەماڵە و تیرە و هۆزەکانی ناچار بە ئارەزوی بەرزی تێکرای لەدایکبون و زاوزێ کردوە، بەتایبەتیش ڕەگەزی نێر، کە هێمایەک بوە بۆ هێزی سەربازی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خێڵ، دیارە کۆمەڵگەی کوردیش لە چەندان هۆز و خێڵی گەورە پێکهاتوە(المسعودي، ٢٠٠٥، ١، ٢١٨؛ ئەولیا چەلەبی، ١٩٧٩: ٩١؛ زرار صدیق توفیق، ٢٠٠٧: ١٤-١٥)لەبەرچاوبگیرێت، ئەوا ئاستی بایەخدان بە نانەوەی وەچە پیشاندەدات.

لەلایەکی دیکەشەوە خۆشگوزەرانی و باشی ئاستی باروگوزەرانی خەڵک، دەرفەتی زاوزێی زیاتر دەرەخسێنێ، دەوڵەمەندی و بەپیت و پێزی ناوچە کوردنشینەکانیش لەمبارەیەوە ئەو ئومێدەی بەخێزان و هۆزە کوردییەکان بەخشیوە، کە لەژیان نەترسن و نەوەو وەچەی زۆر بنێنەوە، هەر بۆ نمونە تەنها لە ناوچەیەکی دیاریکراودا هەزاران خانەوادە ژیاوە(مسعر بن مهلهل، ١٩٦٠، ١٨)، بەپێی لێکدانەوەی (ابن خلدون)یش بێت کە شرۆڤەی ئەم جۆرە بارودۆخەی کردوە، ئەوا هەر کاتێک هۆزەکان بگەنە نازونیعمەت لەناویاندا زاوزێ و منداڵ خستنەوەی ڕودەدات و بەمەش ژمارەیان زۆر دەبێت(ابن خلدون، ٢٠١٦: ١/ ٤٦٣).

### ب- داب و نەریتی کۆمەڵایەتی:

کەلتور وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مێژویی سەرباری گەورەی و ئاڵۆزی کاریگەرە، کۆمەڵگا و کەلتور بەیەکەوە دروست دەبن بێ یەکتری نابن، بۆیە هەر کۆمەڵبونێکی خەڵک کەلتورێکی تایبەت بەخۆی نەبێ بونیادی کۆمەڵایەتی نابێت، لەگەڵ ئەوەشدا مێژویشە و مێژویەکی هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵگادا هەیە، هەر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

قۆناغێکی مێژویی شێوازی خۆی هەیە و هەمیشە شەقڵ و سیمای قۆناغە مێژوییەکانی پێوە دیارە(ڕەشاد میران، ٢٠١٠: ٦٣)، دیارە بەشـــێکی گرنگی کەلتوریش بەتایبەتیش توخمە گیانی و مەعنەوییەکانی تایبەتن بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک(داب و نەریت و ئایین)، کە ڕەنگرێژی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک دەکەن، لەو نێوەندەدا کۆمەڵگای کوردیش خاوەنی کەلتوری تایبەت بە خۆیەتی، لەو ڕێسا گشتییە بەدەر نییە، ئەوەی لێرەدا بەکورتی جێی قسـه لەسـەر کردنە، دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکانن، کە لە چوارچێوەی هۆکاری کۆمەڵایەتیدا جێدەگرن، لە نمونەی (پرۆسەی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان و سەنگی کۆمەڵایەتی).

لەڕاسـتیدا دابونەریتی کۆمەڵایەتی کورد هاندەربوە بۆ پرۆسـەی هاوسـەرگیری (ژنهێنان و شـوکردن) بەمەبەستی بە هێزکردنی پایەی کۆمەڵایەتی پیاو لەناو خێزان و کۆمەڵگادا، ژنیش پایەداردەکات، بە پێچەوانەوە ژیانی ڕەبەنی و قەیرەیی نەریتێکی پەسـندکراو نەبوە، بۆیە پرۆسـەی هاوسـەرگیری وەک یەکەم کۆنترین ڕێکخسـتنی کۆمەڵایەتی و بنەمای لێخسـتنەوەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی، وەک نەریتێک پەرەی سـەندوە، بەپێی سـروشـتی کۆمەڵگاش مەراسـیم و تەرزی تایبەت بەخۆی هەیە(فائیزە محمد عزت، ٢٠١٤: ١٧٤)، لەناو کوردا پابەندبون بە نەریتی پاراسـتنی شـکۆ و ئابرۆی خێزان، بە دورکەوتنەوە لە دروسـتکردنی هەر جۆرە پەیوەندییەک لە دەرەوەی خێزاندا نەنگییە و بەشـورەیی و ئابروچون هەژماردەکرێت و سـەرئەنجامی خراپی هەیە(مەلا محمودی بایەزیدی، ٢٠١٥: ٧٩)، بۆیە لە تەمەنێکی زوەوە نزیکەی (١٨-١٦ ساڵی) پرۆسەکە ئەنجام دراوە، ئەو تەمەنەش لەڕوی زانستی وەچەزانی بەپیزترین قۆناغی زاوزێکردنە(عەبدوڵا غفور، ٢٠١١: ٨٥)، ئارەزوی منداڵ زۆری و وەچەنانەوەش وەک نەریتێکی دیکەی خێزانی کورد، قەبارەی خێزانی وەک کۆمەڵگەیەکی کشـتوکاڵی گەورەتر کردوە.

هەر سـەبارەت بە دابونەریتی کورد لەمبارەیەوە، ڕای واش هەیە کە گەورەی قەبارەی خێزانی کوردی بۆ دیاردەی فرەژنی گەڕاندۆتەوە، کە وەک سـونەتێکی ئایینی سـەیریان کردوە و زۆرێکیان چوار ژنیان هێناوە، ئیدی سروشـتییە کە منداڵیشـیان زۆربێت(فائیزە محمد عزت، ٢٠١٤: ٩٤)، لە ڕاسـتیدا ئارەزوی فرەژنی لەناو کوردا تائێسـتاشـی لەگەڵدابێت لەباونەکەوتوە، هەرچەندە ئەمە پەیوەندی بە بارودۆخ و هەلومەرجی گونجاوەوە هەیە، کە لێرەدا جێی قسە لەسەرکردن نییە.

ئەگەر چاو بەو دەقە مێژویانەشدا کە لەمبارەیەوە هەنە بخشێنین، ئاماژەیان بەو ڕاستییە کردوە، ئەگەرچی حەیف دەقەکان بەزۆری ئاماژەن بۆ شێوەی ژیانی چینی دەسەڵاتدار و بنەماڵە نێودار و دەست ڕۆیشتوەکانی کورد، بۆ نمونە نصـر الدولەی مەروانی(٤٥٣-٤٠١ ک/ ١٠١٠-١٠٦١ز) چوار ژن و (٣٦٠) کەنیزەکی لەبەردەستدا هەبوە!، هەروەک وتراوە (بیسـت)منداڵی نێرەوەزی لەپاش بەجێماوە، زیاتر لەوەش هەروەک (الفارقي ت. ٥٧٢ /١١٧٦م) مێژونوسـی دەرباری بنەماڵەکە و شـاری میافارقینیش نوسـیویەتی و دەڵێت: ((وتراویشـە کە چل و شـتێک کوڕی هەبوە))(الفارقي، ٢٠٠٧: ٩٥، ١٠١)، گەریدەیەکیش ئاماژەی بەوە کردوە کە نێرەوەزی زۆربون و بۆ هەریەکەیانی مەملەکەتێک بڕیوەتەوە(ناصر خسرو، ١٩٨٣: ٤٠).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

هۆزی(مهراني)یش کە هۆزێکی گەورە و بەربڵاوی ناوچەی هەکاری بون، خاوەنی دەیان قەڵا و ئاوایی و گوندبون، هۆزی ناوداری(هذباني)یش نمونەیەکی دیکەیە کە لە پانتاییەکی گەورەی هەولێر و تەنانەت ئاذربیجان ئارانیش بڵاوبونەوە، کە بەڵگەن لەسەر زۆری ژمارەیان(زرار صديق توفيق، ٢٠٠٧: ١٦٤-١٦٥، ١٧٣)، بەرزیکانیەکان نمونەیەکی دیکەی بەژمارە زۆری ئەو هۆزانەی کوردن، میر(حسنويه بن الحسين الكوردي)(٣٤٨-٣٦٩ک/ ٩٥٩-٩٧٩ز) لەدوای مردنی حەوت کوڕی لەدوا بەجێماوە(الروذراوري، ٢٠٠٣: ٦/ ١١)، نەخاسمە ئەگەر زۆری ژمارەی خێڵ و تیرە و بنەماڵەکانی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست لەبەرچاوبگرین، کە لەبەر درێژنەبونەوەی بابەتەکە بوار نییە نمونەی زیاتر ئاماژە پێبکەین، کە سەدان هۆزی گەورە و ناودار لە ناوچە کوردنشینەکان هەبون(زرار صديق توفيق، ٢٠٠٧: ١٨ -١٩٥؛ حكيم احمد خۆشناو، ٢٠١٤: ٣٢٠)، بەزۆریش سەرۆک خێڵ و بنەماڵە دەست ڕۆیشتوەکان بایەخیان بە منداڵ زۆری داوە، بەشێکی گرنگی ئەمەش سەرباری نەریتی پاراستنی ڕەچەڵەک، گەیشتن بە قۆناغی کەمالی و نازونیعمەت خواستی زاوزێ لەناو هۆز و بنەماڵەکاندا زیادکردوە، بەتایبەت ئەوانەی دەگەنە قۆناغی دەوڵەتداری و دەتوانن دەسەڵات و فەرمانڕەوایی بنیات بنێن، چونکە هەرکاتێک هۆز و نەتەوەکان بگەنە دەوڵەتداری، نازونیعمەت لە نێوانیاندا و زاوزێ و منداڵ خستنەوە ڕودەدات، لە ئەنجامدا ژمارەی هۆزەکان زۆر دەبێت و نەوەکانیشیان لەو ژینگە پڕ نازونیعمەتەدا پەروەردە دەبن و بەهۆی ژیانیان لەو ژینگەیەدا ژمارەیەکی زۆر دەچنە سەر جەماوەری ئەو هۆز و دەسەڵاتە، بەمەش هێزێکی زیاتر دەچێتە سەر هێزی دەوڵەت(ابن خلدون، ٢٠١٦: ١/ ٤٦٣)، لەمێژوی بەشێکی هۆز و میرنشنە خۆجێیەکانیش هەرئەوە بەدیدەکرێت، ئەگەر بونی چەند هەزار خێڵێکیش لە کوردستان(ئەولیا چەلەبی، ١٩٧٩: ٩١) لەبەرچاوبگیرێت، ئەوە دەبێت قەبارەی دانیشتوان جگە لە پێکهاتەکانی دیکەش چەند بوبێت!

ئەمە لە کاتێکدا ئەو نەریتە لەناو هۆزەکانی عەرەب ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوی هەیە، بە هۆی سروشت و نەریتی بیابانشینی سەختی ژیان هەمیشە ئەوانی ڕوبەڕوی شەڕ و ململانێی خێڵەکی خوێناوی کردۆتەوە ، ئەمەش پێویستی زیاتریان بە هێزی جەنگاوەر و شەڕکەر هەبوە، چ جای نەریتی چەند ژنە زۆری ژمارەی ئەو هۆزانەی کە لەناوچە کوردنشینەکان نیشتەجێبون، پانتییەکی گەورەیان لەناوچە کوردنشینەکان داگیرکردوە(فرهاد حاجي عبوش، ٢٠٠٤: ٢٣٠)، دابونەریتی خێڵەکی تورکمانیش لەمبارەیەوە جیاوازیەکی لەگەڵ کورد و عەرەب نییە، هەر بۆنمونە تەنها لە بنەماڵەی (أرتق بن أكسك) [i] چەندان نەوە و وەچەی لێکەتۆتەوە، بە میراتمانەوەی دەسەڵاتی بنەماڵەیشیان سنوری دەسەڵاتی ئەوانی بۆ چەند میرنشین و ئەتابگیەکی دەست ڕۆیشتوی ناوداری ناوچەکە لێکەتەوە، کە ئەوانیش هۆکاریکی گرنگبون بۆ زیادبونی ڕێژەی تورکان بەتایبەت لە شارەکانی هەرێمی جزیرە(دەربارەیان بڕوانە: عماد الدين خليل، الامارات الارتقية، ص٧٥)، بنەماڵەی(ئەیوبی)کوردیش لە حصن کیفا کە خاوەنی دەیان کوڕ و نەوە و بەرەباب بون نمونەیەکی دیکەن (زرار صديق توفيق، ٢٠٠٧: ١٦٠-١٦١)، ئەمە و بنەماڵەی (ایلدگزی) [ii] لە ئازربیجان و ئاران دامەزراندنی ئەتابەکیەی نیمچە سەربەخۆ، کە نزیکەی سەدەیەک فەرمانڕەوایان(٥٣١-٦٢٢ ک/ ١١٣٦-١٢٢٥ز) دریژەی کیشاوە(حسام الدين النقشبندي، ٢٠١٣: ٢٠٤).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

بەڵام دەکرێت ئەمانە وەک نەریتی گشتی کۆمەڵگا سەیربکرێن، چونکە ئەم نەریتە لە ئایینەوە سەرچاوەی گرتوە، ئایینیش وەک کەلتور بەشێکە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتیش لە کۆمەڵگای داخراودا زاڵە و جێپەنجەی بەسەر نزیکەی هەمو دیاردە و ڕەفتار و ڕوداوەکانەوە دیارە، بەمەش کەلتور وەک ئامێرێک بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنرێت(رەشاد میران، ٢٠١٠: ٥٧)، ئەگەر لە سروشتی پرۆسەی هاوسەرگیریش بڕوانرێت، کە وەک گرێبەندێکی کۆمەڵایەتی وایە(عبدالرحمن بن عبدالخاق اليوسف، ١٩٨٨: ٢١)، هاوسەران لە گۆبەند و کێشەی کۆمەڵایەتی زۆر دەپارێزێت و عەیب برە، هۆکارێکە بۆ پاراستنی کۆمەڵگا لە خراپەکاری، بەتایبەتیش بەدبینی کۆمەڵگا بۆ ئافرەت(الغزالي، د.ت: ٢/ ٢٢)، ئەمانەش دەکرێت وەک هۆکاری ئایینی سەیربکرێت، کە ڕۆڵی گرنگی لە ڕەنگرێژی خێزانی کوردا بینیوە، مەبەست و جۆرەکانی هاوسەرگیریش هەر ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە، کە زۆرجار ئافرەت بۆ هۆکار و پێناوێک بوە نەک تەنها چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی، بەڵکو ئامرازی بەهێزکردن و پتەوکردنی پەیوەندی سیاسی و وەک چارەسەرێک هاوسەرگیری سیاسی هەندێ جار کۆتایی بە ململانێ و ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی نێوان لایەنەکان هێناوە، سەرباری وەچەنانەوە و منداڵی زۆری کە ئامانجێکی باڵای هاوسەرگیرییە(عبدالرحمن بن عبدالخاق اليوسف، ١٩٨٨: ٢١)، تاڕادەیەکیش چارەسەری فرەبونی ڕەگەزی مێینەشە، ئەگەرچی زانیاری لەسەر جیاوازی ڕێژەی نێوان (پیاو و ئافرەت)لەبەردەست نییە، بەڵام بەزۆری وابوە کە ئەو ڕوداو و کارەساتانەی بەسەر کۆمەڵگا هاتون، زیاتر پیاو بۆتە پێخۆری ڕۆژگاری شوم، ئەمەش لە ڕاستیدا دونیابینی ئیسلام و کۆمەڵگای کوردیش دەردەخات وەک چارەسەرێکیش بۆ هاوسەنگڕاگرتنی ژیان و پاراستنی وەچە و قەرەبوکردنەوەی مردوان و لەدەستچوان، فرەژنی کردۆتە ئەمری واقیع.

لە بەرامبەر ئەوەشدا پێچەوانەی پرۆسەی هاوسەرگیری، نەریتی تەلاقدان(لێکجیابونەوە)یش لەناو کوردا زۆر کەمبوە، مەگەر لە حاڵەتی نەزۆکی یان ناپاکیدا، ئەگەرنا بەکارێکی ناپەسند و شورەیی دانراوە(مەلا محمودی بایەزیدی، ٢٠١٥: ٥١)، هەرچەندە ئەمە لە حاڵەتی بونی کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابوریدا دەشێ ڕوبدات، بەڵام ئەو پەیوەندییەی کە ئەندامانی خێزانی کورد بەگشتی و ژن و مێردی پێکەوە بەستۆتەوە، لەسەر بنەمای ڕێز و دڵسۆزی و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی بنیاتنراوە، ژن دڵسۆز و خۆی بە بەرپرسیار بەرامبەر بە مێرد و منداڵەکان زانیوە، لە نواندنی ملکەچی فەرمانەکان و پاراستنی ئەرک و مافەکان، بەتایبەت لەمبارەیەوە کوردان دەستی باڵایان لە جێبەجێکردنی ئەرکە ئاینییەکاندا هەبوە، ئەمانەش هۆکاری بەردەوامبونی ژیانی خێزانی پێکەوەیی لە ماوەی ژیاندا دەستەبەرکردوە.

ئەگەر نەزۆکی وەک هۆکارێک لەهۆکارەکانی کێشەی کۆمەڵایەتی و لێکجیابونەوە سەیربکرێت، ئەوا کەمی دیاردەی لێکجیانەبونەوەش مانایەکی دیکەشی هەیە، واتە ژنی نەزۆک لەناو کۆمەڵگای کوردی کەمبون، کە لەڕوی زانستییەوە بەمانای پرۆسەی سککردن(پێز)دێت، لە زانستی دانیشتواندا بە ژمارەی لەدایکبوانی زیندو دەخرێتە بەرچاو لێکۆڵینەوە لە ژمارە و تێکرایی و هۆکارەکانی لەدایکبون دەکات، کە ئەویش دو جۆرە، پێزی فسیۆلوجی واتە ژنێک لەژیانیدا دەتوانێت چەند منداڵی ببێت، لەگەڵ پێزی کاری واتە ژنێک لە ژیانی خۆیدا



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

چەند منداڵی بوە(عەبدوڵا غەفور، ٢٠١٢: ٤٤)، نەخاسـمە پیتی بۆدیاریکردنی ڕەوشـی گەشـەکردنی دانیشـتوان توخمێکی بنچینەییە، کە بەتایبەت ڕەنگدانەوەی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە شـان بەشـانی هۆکارە بایەلۆجیەکان، وەک پرۆسـەیەک بەرپرسـیارە لە بەردەوامبونی کۆمەڵ، بەو پێودانگە پیتی ئافرەت توانای زاوزییە لەسـایەی هەلومەرجی سـروشـتدا، لە زۆربەی کۆمەڵگاکانیشـدا پیتی لەناو توێژی گەنجان لەبەرزترین ئاسـتیدایە، واتە توانای منداڵخسـتنەوە لەناو ئەو توێژەدا بەرزترە، کە پەیوەندیشـی بە زو شـوکردن و ژنهێناوە هەیە(بێسـتون حسـێن اسماعیل، ٢٠١٣: ٣٦)، لەڕاسـتیشـدا ئەو دەقانەی کە پیشـتر خرانەڕو، دەکرێت بکرێنە بەڵگەی ئەوەی کە ژنی کورد پێز و توانای وەچەنانەوەی گونجاوە و لەڕوی زانستی فسیۆلۆجیوە پەسندبوە، سەرباری ئەرکی گران و هاوبەشـیکردنی شـان بەشـانی پیاو لە زۆرێک لەکاروباری ماڵ و کشـتوکاڵ و ئاژەڵداریشـدا، بەشـێکی ئەمەش دەگونجێت پەیوەندی بە سـروشـتی ژینگەی ناوچە کوردنشـینەکانەوە هەبوبێت، چونکە بەگوێرەی ئەوەی کە (ابن خلدون)شـیکردنەوەی بۆ هەرێمەکان کردوە، ئاماژەی بەوە کردوە کە ناوچەکانی هەرێمی چوارەم بەهۆی بەپیتی و بەرەکەتی زەوییەکانیان و فراوانی نیعمەتی دانەوێڵە و گونجاوی هەلومەرجە سروشتییەکان، بۆ ئاوەدانی و دانیشتوان زۆر گونجاون(٢٠١٦: ١/ ٢٦٥)، بەپێی زانستی نوێی جوگرافیاش ناوچە مامناوەندەکان شـوێنی جەنجاڵی دانیشـتوان و گونجاوترن لە ناوچەکانی دیکە(محمد محمود و طە عثمان، ١٩٦٠: ٣٣٥)، جوگرافیای هەرشـوێنێکیش بریتییە لە هەلومەرجی سـروشـتی و ژینگەی دانیشـتوانەکەی، خەڵکیش بەگوێرەی باری سروشتی و پێداویستییەکان دەژین و ڕەفتاردەکەن، کاریگەری ڕەگەزەکانی ئاوهەواش لەسەر گورج و گۆڵی و توانای بزاوت و توانای جەسـتەیی تەنانەت باری دەرونیش دادەنێت(ڕەشـاد میران، ٢٠١٠: ٧٤)، لەمبارەیەوە ئەگەر سەرنج لەو کارەسات و ڕوداوانەی بەتایبەت نیوەی یەکەمی سەدەی (٧ک/ ١٣ز)بدەین، ئەو کارەسـاتە مرۆییەی کەخانەی ئیسـلام بەگشـتی و ناوچە کوردنشـینەکان بەتایبەت لەسـەر دەسـتی لەشکرکیشیەکانی هەریەک لە (خوارزمیەکان مەغۆل) بەسەر دانیشتوان و ناوچەکەیان هێنا، لە کوشتن و برین و لە برسـان مردن و ئابۆقەی ئابوری سـەر شـار و شـارۆچکەکان و ئاوارە و دەربەدەربونی خەڵک(بۆ نمونە بڕوانە: ابن الاثیر، الكامل، ج١٠، ص ٤٣٢، ص٤٣٩، ص٤٤٩، ص٤٥٠)، ئیدی سـەرباری کۆشـتاری زۆری خەڵکن ژمارەیەکی زۆریشی لە پێناو پاراستنی ژیانیان ڕێگەی هاتو نەهاتی کۆچیان بۆ دەرەوەی ناوچە کوردنشینەکان گرتۆتە بەر(ابن العبري، ٢٠٠٦: ٣٢١؛ القلقشندي، د.ت: ٤/ ٣٧٤)، چەندان ئاوایی و قەڵا و شار و شارۆچکە وێران بون، بەمەش ژمارەی دانیشـتوان زۆر کەمیکردوە(جعفر حسـین خصـباک، ١٩٦٨: ١٦٢)، بەڵام دوای تێپەڕبونی نیوە سـەدەیەک و تاڕادەیەک ئاسـایی بونەوەی بارودۆخی ناوچەکە، گەریدەیەک کە سـەردانی ناوچەکەی کردوە، سـەرسـامی خۆی لە زۆری ژمارەی کوردان نەشـاردۆتەوە و بە نەئەژمار نەهاتو ناوی هێناون (الأكراد خلائق لا تحصـى وأمم لا تحصـر)(ابن فضـل الله العمري، ١٩٨٨: ٥٨)، دەکرێت ئەمە وەک بەڵگەیەک سـەیربکرێت، کە کاریگەری سروشت و ناوچەی جوگرافی و ئاستی پیتی و زاوزێ نیشاندەدات، سەباری درککردن بە هەستی قەرەبوکردنەوەی لەدەستچوان لەلایەن خەڵکەوە، کە هۆکارێکی دیکەی گەشەی دانیشتوانە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

لەلایەكی دیكەشـــەوە وەک نەریتیش تەمەنی شـــوكردن و ژنهێنانیش لەناو زۆرینەی خێڵە كوردییەكاندا لەسـەرەتای هەرەتی لاوی دایە، بەزۆری بۆ كچ (١٦سـاڵی كەمتریش) بۆ كوڕیش(١٨-١٦ سـاڵی)ئەم قۆناغەش لەڕوی زانسـتیەوە بە پیزترین قۆناغی زاوزێكردنە، سـەرباری شـێوازە جیاوازەكانی پرۆسـەی هاوسـەرگیری، بەڵام بە پلەی یەک باوک و براگەورە بۆ بەجێگەیاندنی پرۆســـەكە بڕیاریان لەچارەنوســـی گەنجان داوە(مەلا محمودی بایەزیدی، ٢٠١٥: ٤١)، ئەمەش بۆخۆی ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە كە گوێ بە قایلبون و نەبونی كوڕ و كچەكان نەدراوە بە شـــوكردن و ژنهێنان و مافی هەڵبژاردن و ڕەتكردنەوەیان نەبوە، بەهەرحاڵ لەوەی بەكورتی خرایە ڕو ئەوە دەردەكەوێت كە هۆكاری كۆمەڵایەتی بەڕەهەندە جیاوازییەكانیەوە كاریگەری لەســەر ڕێژەی دانیشتوان داناوە.

توخمی منداڵ و ســـەنگی كۆمەڵایەتیش وەک هۆكارێكی دیكە لەپاڵ هۆكارە كۆمەڵایەتییەكان، ڕۆڵی لە زیادبونی منداڵ و وەچەنانەوەدا بینیوە، چونكە ئەو نەریتەی لەناو كۆمەڵگای كوردیدا زاڵبوە، منداڵ زۆری بەتایبەتیش ئەگەر نێرینە بونایە، قورســـایەكی كۆمەڵایەتی بەو خێزانانە بەخشـــیوە، لە زۆرێک لە كێشـــە كۆمەڵایەتییەكانیشـــدا جۆرێک لەچاوپۆشـــی لەو خێزانانە دەكرا(عبدولا غەفور، ٢٠١١: ٨٥)، لەڕاســـتیدا ئاســـتی ڕۆشـنبیری كۆمەڵگاش لەمبارەیەوە ڕۆڵی هەبوە، كە هەسـتی دیاركردن و وەسـتاندنی وەچەنانەوە، كە پێناچێت لەو قۆناغەدا ئەو جۆرە بیركردنەوە هەبوبێت، بەپێچەوانەوە لەســـەر بنەمای (هەر كەس ڕزقی خۆی لەگەڵ خۆیەتی)، كە بنەمایەكی ئایینی هەیە، هەروەک (خوای گەورە) فەرمویەتی: (وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ خَشْـيَةَ إِمْلَاقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْئًا كَبِيرًا )(سورة الاسراء، الاية٣١)، ئەم تەرزە بیركردنەوەیەش كاریگەری لەسەر قەبارەی خێزان هەبوە.

## ج- هۆكاری ئایینی:

ئەگەر سەرنج لە كۆمەڵگای كوردی بدرێت بەتایبەت لەدوای پرۆسەی فتوحات و وردەوردە موسڵمانبونی، ئیدی ئیســلام بۆتە ئاینی زۆرینەی كورد، لەو قۆناغەدا وەک جێبەجێكارێكی ســەرســەخت دەســتی بە ئایینەوە گرتوە، زۆربەی دانیشـــتوانی پەیڕەوكاری ســـوننە و جەماعەت بون(المقدســـي، ١٩٩١: ١٤٢، ٣٧٣، ٣٨٨)، بەمەش ئیسلام ڕەنگرێژی كۆی سستەمی كۆمەڵایەتی كوردی (ئەوەی كە موسڵمان بوە) [iii]كردوە، بەمەش ئایین وەک دیاردەیەكی كەلتوری و كۆمەڵایەتی، كە هەمیشـە ئامادەیی لەناو خەڵكدا هەبوە، سـەرباری ئەوەی پێویسـتیەكی لەڕادەبەدەری ڕوحییە، ڕۆڵێكی گرنگیشی لە ڕێكخستنی پەیوەندی و بەها كۆمەڵایەتییەكاندا هەیە، هەركاتێكیش كۆمەڵگا پەیڕەویان لە ڕیسا و بنەماكانی كرد، ئەوا ئایین سستەمی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگا ملكەچی خۆی دەكات، كەواتا ئایین كەلتورە و بەشـــێكە لەســـــتەمی كۆمەڵایەتی وەک ئامرازێكیش بۆ كۆنترۆڵكردنی كۆمەڵایەتی بەكاردەهێنرێت(ڕەشـاد میران، ٢٠١٠: ٥٧)، لەمبارەیەشـەوە ئیسـلام كاریگەری گرنگی لەسـەر ژیانی كۆمەڵایەتی كورد هـەبوە، بـەتـایبـەت لـەبـارەی پێكهێنـانی خێزان و پـەروەردەی منـداڵ و ڕێكخســـتنی پـەیوەنـدییـە كۆمەڵایەتییەكانی دیكە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

ئایین هاندەری سەرەكی بوە بۆ پێكهێنانی ژیانی هاوسەریەتی و هاوژینی، هانی گەنجان دەدات بۆ ئەم كارە و نانەوەی وەچە و ئاوەدانكردنەوەی زەوی و دوركەوتنەوە لە خراپە(الغزالي، د.ت: ٢/ ٢٢؛ عبدالرحمن بن عبد الخالق، ١٩٨٨: ٢١)، بە پێچەوانەشـەوە لێكجیابونەوە وتەلاق[iv] كارێكی پەسـند كراو نییە(صـالح بن عبد العزيز بن إبراهيم آل منصــور، ١٤٢٣ ه، ص٧٥)، هەر لە بابەتی ژنهێنان و فرەژنی و وەچەنانەوە و منداڵ زۆری، هەروەك پێشـــتر باســـیان لێوەكرا، لەژێر كاریگەری ئایین دابون، ئەگەرچی لەدایكبون كارێكی (خوایی)ە، بەڵام ئیســـلام نەك هەرپشــتگیری منداڵ زۆری دەكات و رێگرتن و كەمكردنەوەشـــی بەدروســـت دانانێت، لە پێناو بەردەوامبونی ژیان پاراســـتنی وەچەی مرۆڤایەتی(صــالح بن عبد العزيز بن إبراهيم آل منصــور، ١٤٢٣ ه: ٧٣)، هەمو ئەو دیاردە و هەڵسوكەت و رەفتارێكی لە ژیانی رۆژانەیەوە دیاربوە، كە رۆژانە و لە بۆنەوە و مەراسیمە جۆراوجۆرەكان لە رێگەی وتارخوێنان و شەرعزان و زانایانەوە، بنەماو پرنسیپەكانی ئایینی بەگوێی خەڵك گەیشتون، بەتایبەتیش مزگەوتەكان بونە شـوێنی پەروەردەی ئایینی و مەڵبەندێكی گرنگی چاكسـازی كۆمەڵایەتی، لەمبارەیەشـەوە لە شـار و ناوچە كوردنشـینەكان لەنمونەی باشـترین وتاربێژیان تێدا هەڵكەوتون، هەبوە هەر بە بنەماڵە زاناكانیان لە سـەركەوتوترین وتاربێژان بون(الفارقي، ٢٠١٤: ٤٤٨، ٥٨٤، ٦١٣)، چ جای ئەوەی ئەم بابەتە هەربۆخۆی لایەنیكی ژیانی كۆمەڵایەتییە، كە مەراســـیم و ئاهەنگی تایبەتیان بۆ رێكخراوە، هەمیشـــە زانا و مەلا و تا قازی لە مەراســـیمەكەدا ئامادەگیان هەبوە(ابن واصــل، ١٩٥٧: ٣/ ٢١٣)، ســـەرباری بەشـــداریكردنی دەســـت و پێوەند و ناودارانیماڵباتە خانەدانەكان و ریشسـپی و سـەربازان لە مەراسـیمی ژنخواسـتن و بوك گواسـتنەوەی میر و میرزادەكاندا(الفارقي، ٢٠٠٧: ٣٠)، سەرباری سازكردنی رێورەسمی تایبەت لەكاتی لەدایكبونی منداڵدا، بەتایبەتیش ئەگەر منداڵەكە كوڕ بوایە، ئەو ســـەرباری ئەوەی خانەوادەكەی شـــاگەشـــكە دەبون!، لەرۆژی حەوتەمی لەدایكبونیدا زیافەتی (العقيقة) ســـازدەكرا، خەرجی و تێچویەكی زۆریان بۆ ئامادەدەكرد، بەجۆریك ســـەردار و بەرپرسان بە میوانداری و خێروخێرات و خەرجی زۆر خەڵكیان سەرسامكردوە(أبو شامة، ١٩٩٧: ٢/ ١٥٣)، ئەمانە و چەند مەراسیم و رێورەسمی دیكەی كۆمەڵایەتی كە لە ئایینەوە سەرچاوەیان گرتوە، هاندەربون بۆ پرۆسەی هاوسـەرگیری و منداڵ زۆری، بەمشـێوەیەش هەروەك توێژەرێك ئاماژەی كردوە، ئایین بۆتە بەشـێكی گرنگی كەلتوری كورد(رەشاد میران، ٢٠١٠: ٥٩).

### د- كۆچ:

مێژوی مرۆڤایەتی پڕیەتی لە روداو و دیاردەی سـیاســی و ســەربازی و شــارســتانی جۆراوجۆر، كە لێكەتەو و شـــوێنەواریان لەســـەر نەك هەر ســـەردەمەكەیان، بەڵكو لەســـەر داهاتوی مرۆڤ بەجێهێشـــتوە، زۆرێكیش لە دیاردەكان رەنگدانەوەیان لەســـەر گروپ و دەســـتە و نەتەوە جیاوازەكان داناوە، كۆچ (الهجرة)[v] وەك یەكێك لە دیارترین ئەو دیاردە كۆمەڵایەتی و جوگرافییانەی كۆنی ناو مێژو، كە لەناو كۆی نەتەوەكان بە ئاســتی جیاواز هەبوە، چونكە لەڕاســتیدا ئارەزوی كۆچكردن یەكێكە لە تایبەتمەندییە گرنگەكانی مرۆڤ، كە لەجوڵەیەكی بەردەوام دایە(فوزی عەبد ســهاونە و موســی عبودە ســمحە، ٢٠٠٩: ١٥٥)، بەشـێوەیەكی ســروشــتیش


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

ئارەزوی لە بزاوتن بوە و بونەوەرێکی خۆگرتو و خاوەن وزەیە(رەسول رەبانی، ٢٠١٣: ٤٠)، کۆچکردن بەمانای ڕەوکردن و گواستنەوە لەشوێنێکی جوگرافیەوە بۆ شوێنێکی دیکە دێت، بەپێی پێویستیەکانی ژیان و بەرژەوەندی و بژێوی، جا چ لەسەر ئاستی تاک یان کۆمەڵە و پێکهاتەی ڕەگەزی و ئایینی بێت، کە کاریگەری زۆر لەسەر گەشەی ژمارەی دانیشتوان و گۆڕینی دیموگرافی و ئابوری دادەنێت(رزگار سعید قادر بشدەری، ٢٠٠٩: ١١)، ئەوەی ئاشکراشە ئەوەیە کە کۆچ دو کردە لەخۆدەگرێت، یەکەم جێهێشتنی شوێنێکی دیاریکراو کە پێی دەوترێت شوێنی ڕەسەن، دوەم ئەو شوێنەی کە خەڵکی بۆی دەچن کە پێیدەوترێت شوێنی کۆچ بۆکراو(فوزی عەبد سهاونە و موسی عبودە سمحە، ٢٠٠٩: ١٥٩)، کۆچیش جۆری جیاوازی هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆی و دەرەکی و وەرزی و بەخوایشت یان بە زۆرەملێی لە نمونەی کۆچن( ڕزگار سعید قادر بشدەری، ٢٠٠٩: ١٢).

هۆکارگەلێکی زۆر لەپشت بزاوت و کۆچی خەڵکەوەن، سروشتی نائاسایی و ژینگەی کۆمەڵایەتی نەگونجاو و ئاستی بژێوی و گوزەران و هۆکاری جوگرافی تەوژمی کۆچیان بەرهەمهێناوە، بۆیە هەندێ جار کۆچکردن بۆ مرۆڤ دەرەفەتێکی هەڵکەوتو بوە بۆ پێشکەوتنی و هێندێ جاریش بەوەرێ کەوتنی ناچاری دێتە ئەژمار(رەسول رەبانی، ٢٠١٣: ٤٠)، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە هەندێک هۆکار لەشوێنی ڕەسەن پاڵ بەخەڵکەوە دەنێن کە کۆچ بکەن، بەڵام ئەو ناوچەیەی کە خەڵکی کۆچی بۆدەکەن هۆکار هەیە ڕایاندەکێشێت، کەواتە سەبارەت بە پۆلێنکردنی ئەو توخمانەی کە کاریگەریان لەسەر قەبارەی تەوژمی کۆچ هەیە، دو جۆرن، یەک ئەو هۆکارانەی کە پەیوەستن بەشوێنی کۆچلێکراو، دو ئەو هۆکارانەی کە پەیوەستن بەشوێنی بۆ هاتو (کۆچ بۆ کراو)(فوزی عەبد سهاونە ، ٢٠٠٩: ١٦٨).

بەهەرحاڵ ئەگەر لە مێژوی کورد و ناوچە کوردنشینەکانیش بڕوانرێت، ئەوە بێگومان وەک هەر پێکهاتە و نەتەوەیەکی دیکە پشکی ئەو دیاردەیەی بە جۆرە جیاوازەکانەوە بەهەر هۆکارێک و مەبەستێک بوبێت بەرکەوتوە، ئەوەی کە لێرەدا زیاتر جێی مەبەستە ناوچە کوردنشینەکانن وەک ناوچەیەکی گرنگی کۆچ بۆکراو، کە کاریگەری لەسەر گەورەبونی قەبارەی دانیشتوان لێکەوتۆتەوە، بەو پێکهاتە جیاوازانەی کە لەشوێنانی دیکەوە کۆچی شار و شارۆچکە و ئاواییەکانی کوردستانیان لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا کردوە، لەڕاستیدا بەڕادەی یەکەم دوای پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامی ناوچە کوردنشینەکان بونە ناوچەی گرنگی کۆچ بۆکراو، چەندان نەتەوە و پێکهاتە بە هۆکاری جیاواز بە لێشاو ڕویان کردۆتە ناوچەکە، کە کاریگەری و لێکەوتەکانی جێی مەبەستی ئەم توێژینەوەیەن، بەڵام پێویستە ئەوە بوترێت ئەو کات ئاستەنگ و بەربەستی سیاسی و یاسایی بەمجۆرەی ئێستا نەبوە، ڕاستە سنوری قەڵەمڕەوی میرنشین و دەسەڵاتە خۆجێیەکان تاڕادەیەک دیاریکراو بوە، بەڵام بەگشتی دو جیهان یان خانە هەبوە، ئەویش خانەی ئیسلام (دار الاسلام)و خانەی شەڕ (دار الحرب- الكفر)، ئیدی لەسنوری خانەی ئیسلامدا ڕێگریەک بۆ کۆچ و گەشتکردن نەبوە، مەبەست کۆچی ناوخۆیی حەزەکییە، بۆیە فەلسەفەی کۆچکردن بە دەرکەوتنی ئیسلام گۆڕانکاری بەسەردا هات و سیمایەکی ئایینی وەرگرت، چونکە ئەم دەوڵەتە کە خاوەنی گەلێک نیشتمان و نەتەوەی لێک جیاواز بو، لە چوارچێوەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

یەک بۆتە و نەتەوەدا لەسەر بنەمای بیروباوەڕ کۆیکردنەوە، بەمەش فەرهەنگی سنوری لە کەلتوری سیاسیدا فرێدرا و تەواوی سنوری خاکی ئیسلامی کردۆتە یەک سنور، ئازادی ڕۆیشتن و هاتن لە ڕۆژهەلاتەوە بۆ ڕۆژئاوا و لە باکورەوە بۆ باشور بە پێچەوانەشەوە بە کردار جێبەجێکراوە، ئیدی نەتەوە موسڵمانەکان بە کوردیشەوە پابەندی ئەو کەلتورە بون کە ئیسلام هێنایەکایەوە، بۆیە نەتەوەکانیش لە ژێر سایەی ئەو دەوڵەتەدا گەلێک سنوریان بڕین و تێکەلاوبونی کۆمەلایەتی زیاتری هێناوەتە ئاراوە (حسێن عبدالرحمن حسێن، ٢٠١٧: ٢٠)، نەک پەلاماردان و داگیرکردن لەسەر ئاستی شەڕ و کوشتار، کە بەشێکی کۆچی نەتەوەکانی دیکە بۆ کوردستان لەمجۆرەیان بوە، لەلایەکی تریش مادەم کۆچ دیاردەیەکی سروشتی و چالاکی مرۆڤە، دەشێت بەشێک لەوانەی بۆ کوردستانیش کراون، بە کارێکی ئاسایی چاولێبکرێن بۆهەر مەبەست و بەهەر هۆکارێکەوە بوبێت، دیاریشە کە یەکێک لە ئاکامە هەرە دیارەکانی کۆچیش گۆڕانکارییە لە ژمارەی دانیشتوان، کە لەشوێنێکدا کەمدەکات و لە شوێنێکی دیکەدا زیاددەکات، کە لێرەدا بەپلەی یەکەم جێی مەبەست و قسە لەسەر کردنە.

لە دیارترین ئەو پێکهاتە ڕەگەزیانەی کە کۆچیان بۆ ناوچە کوردنشینەکان کردوە و تێیدا گیرساونەتەوە، وەک پێکهاتەی (فارس و عەرەب و دەیلەم و تورکمان) وەک نمونەی پێکهاتەی موسڵمان، جگەلەوەی ئاماژە بە بونی پێکهاتەی دیکە ناموسڵمانیش لەنمونەی (ئەرمەن و خزر و ڕوس و ڕۆم) تاڕادەیەک کراوە، هەرچەند ئەوان وەک بەشێک لە پێکهاتەی ئایینی بەر لە ئیسلامیش لە ناوچە کوردنشینەکان نیشتەجێبون (فرهاد حاجي عبوش، ٢٠٠٤: ٢٣٠-٢٦٦)، بەلام ئەوەی لێرەدا جێی ئاماژەیە ئاکنجبونیانە لەسەردەمی عەبباسیدا و ڕۆڵیانە لە گەورەبونی قەبارەی شارەکان و زیادبونی ژمارەی دانیشتوان.

بۆ نمونە بونی ڕەگەزی فارس لە هەندێ شارەکانی وەک(الدينور و قرميسين وماسبذان و الصيمرة و حلوان)(اليعقوبي، ١٤٢٢ه: ٧٦، ٨٣)، سەبارەت بە کۆچی پێکهاتەی عەرەبیش ئەوە هەرچەند مێژوەکەی بۆ پێش ئیسلامیش دەگەڕێتەوە، بەلام فەتحکردنی ناوچە کوردنشینەکان بەسەرتایەکی گرنگی ئاکینجەبونی ئەو ڕەگەزە دادەنرێت بۆ ناوچەکە، بەجۆرێک دەکرێت بوترت بەدرێژایی سەردەمی عەبباسی بە هۆکار و ئاستی جیاواز بەردەوام بوە، لەبەر درێژنەبونەوەی بابەتەکە و دوبارەنەکردنەوە دەکرێت وەک نمونە ئاماژە بە چەند هۆز و شارێک بکرێت کە تێیادا گیرساونەوە و بونە پێکهاتەیەکی کاریگەر، لەوانە هۆزەکانی (الازد و كنده و طي و تميم و همدان و بني حبيب و بني قشير و نمير و عقيل چەندانی دیکە)لەوانەن لە شارەکانی هەرێمی جزيره گیرساونەوە(الازدي، ١٩٦٧ :٣٨٤؛ ابن حوقل، ١٩٣٨، ١ / ٢١٩-٢٢١)، ژمارەیەکی زۆریش لە هۆز و تیرە و بنەماڵەکانی عەرەب لە بسرە و کوفە و شامەوە بارگەو بنەیان بۆ هەرێمی ئازربیجان ئاران گواستۆتەوە، بەجۆرێک هەریەکەیان دەڤەرێکی بەپیتی بۆ خۆی پاوانکرد و خەڵکی ناوچەکەیان کردە سەپان وئێشگەری گوندەکانیان (البلاذري، ٢٠٠٠: ١٩٨؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حسام الدين النقشبندي، ٢٠١٣: ٧٠- ٨٩)، شارەکانی هەرێمی چیاکانیش لە کۆچبۆکردنی عەرەب بێ بەش نەبوە، لە نمونەی شارەکانی وەک(سيروان و الصيمرة و حلوان و الدينور و نهاوند و شارەزور)نیشتەجێبون(اليعقوبي، ١٤٢٢ه، ٧٢، ٧٦، ٨٣)، بەشێک لەو ناوچە کوردنشینانە بەدەرنەبون لە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

کۆچی ڕەگەزی دەیلەمیش بەڵام بە بەراود بە عەرەب و تورکمان ڕێژەیان کەمتر بوە، ئەوانیش بە پاڵپشتی کۆمەڵێک هۆکار لە بەشێک لەشارەکانی بەتایبەت هەرێمی ئازربیجان و ئاران و هەرێمی چیاکان گیرساونەوە(نیشتمان بشیر محمد، ١٩٩٤: ٨٩).

لەڕاستیدا لەم نێوەندەدا ڕەگەزی تورکمان لە کاریگەرترین ئەو پێکهاتانە بوە، کە وەکو سێڵاو بە ناوچە کوردنشینە جیاوازەکاندا بڵاوبونەوە، ئەگەرچی مێژوی کۆچیان لە پێشترە، بەڵام سەرەتای سەدەی (٥ک/١١ز) بە قۆناغێکی گرنگی ئاکنجەبونی تورکمان بۆ کوردستان دادەنرێت، بۆ جۆرێک کۆچی ئەوان کاریگەربوە، کە پێکهاتەی دیموگرافی زۆر شار و شوێنیان گۆڕیوە، کۆچی بەلێشاوی ئەوان لەگەڵ هێرش و پەلاماری (غوزەکان) دەستیپێکردوە(ابن الاثیر، ٢٠٠٦: ٧/ ٧١٦)، پاشان دەرکەوتنی سەلجوقییەکان و لەسەر شانۆی سیاسی ناوچەکە ماوەی فەرمانڕەویان بە قۆناغێکی گرنگی بزاوتی کۆچی تورکمان بۆ ناوچەکە دادەنرێت، ئیدی وردە وردە عێڵ و بنەماڵەکانیان بەڕوبەرێکی فراوانی ناوچە جیاوازەکاندا بڵاوبونەوە و دەستیان بەسەر ماڵ و زەوی و زاری خێڵە کوردییەکاندا گرت(ابن الاثیر، ٢٠٠٦: ٨/ ٤٧٦)، بۆ جۆرێک هەرێمی وا هەبوە لەبەر گەورەی قەبارەی تورکمان و دەستگرتن بەسەر ناوچەکەدا هەر بەناوی عێلێکی ئەوان ناودرێر کراوە(المؤلف المجهول، ٢٠١٠: ٣٠٤؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: زرار صدیق، ٢٠١٠: ٢٧٤- ٢٨٥)، کۆچی ئەم ڕەگەزە لەسەدەی (٦-٧ک/١٢-١٣ز)یش بە هۆی لەشکرکێشی خوارزمیەکان و مەغۆلیش وەک دو هێزی تورکمان درێژەی هەبوە.

بەهەرحاڵ ئەوەی لە دیاردەی کۆچ ڕوندەبێتەوە، ئەوەیە کە کۆچ نەک تەنها کاریگەری لەسەر قەبارەی دانیشتوان هەیە، بەڵکو کاریگەری لەسەر گۆڕانی پێکهاتەی نەتەوەیی و ڕەگەزی و تەمەنیش هەیە، چ جای کاریگەری لەسەر ڕوخسارەکانی گۆڕانی ئابوری و کۆمەڵایەتیش دادەنێت، کە بەهۆی تێکەڵاوبونی کەلتوری و شارستانی و خۆگونجان لەگەڵ ژینگەی نوێ سیما و تەرزی نوێی دیمەنەکانی ژیان دێنێتە کایەوە، بۆیە کاریگەرییەکەی تا ئەو ڕادەیە کە زۆرجار قەوارەی دانیشتوان بە قەوارەی کۆچەوە بەستراوەتەوە، لەم گۆشەنیگایەشەوە دەکرێت بەسەرچاوەی هێزی دوەمی گۆڕانی قەبارەی دانیشتوان بژمێرێت (جودة حسنين جودة و فتحي محمد أبو عيانة، د.ت: ٤٠٥-٤٠٦؛ بێستون حسێن اسماعیل، ٢٠١٣: ٤٣)، ئەوەی بەکورتی ئاماژەی پێکرا، تەنها کۆچی بەشێک لە ڕەگەزی بێگانە بوە بۆ ناوچە کوردنشینەکان، مانەوەیان تا دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆجێی لە زۆرێک لە ناوچەکان لێکەوتوتەوە[vi]، کە ڕۆڵی لە مانەوە و چەسپاندنی پێگە ئەو پێکهاتانە هەبوە، مانەوەی پاشماوەی بەشێکیان لە هەندێ لە شار و شارۆچەکانی کوردستان بەشێکی مێژوەکەی بۆ ئەو قۆناغە دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی لە قۆناغەکانی دیکەشدا بە شێواز و جۆری و ئامانجی جیاواز بەردەوامبوە، بەتایبەت لەمێژوی نوێ و هاوچەرخدا، ئیدی بەمشێوەیە هەروەک بۆکۆچیان هۆکاری خۆی هەبوە، بەهەمان شێوەش هۆکاری گرنگ هەبون بۆ مانەوەیان و زیابونی ژمارەی دانیشتوان گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی بەشێک لە شارە کوردییەکان، ئەگەرچی قسەی ئێمە زیاتر لەسەر قەبارەی دانیشتوانە نەک پێکهاتەی ڕەگەزی و ئایینی.

کۆچکردنی دانیشتوان لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان یان بەمانایەکی دیکە کۆچی ناوخۆیش، لە هەندێ کات و سەردەمدا وەک جۆرێکی دیکەی کۆچ بەرچاو دەکەوێت، چونکە ئاوایی و گوندەکان تەنها سەرچاوەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

دابینکردنی خۆراک و دانەوێڵە و پێداویستییە سەرتاییەکان نین بۆ شارەکان، بەڵکو زۆرجار سەرچاوە و هێزێکی دیاریشن لە دابینکردنی دانیشتوان بۆ شار، کە لەڕێگەی کۆچەوە دێتەدی(صبري فارس الهيتي و صالح فليح حسن، ١٩٨٦: ٣٧٦)، بەتایبەت شار بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی لە هێزی بازو و مرۆیی پشت بە دانیشتوانی گوند دەبەستێت، لەوانەش هێزی سەبازی کە بۆ پاراستنی شار گرنگە، کە هۆکارە بۆ گەورەبونی قەبارەی هەندێ شار یان ناوچە لەسەر حیسابی شار و ناوچەی دیکە، هەندێ جاریش کاریگەری و هۆکاری سروشتی و مرۆیی ڕۆڵ دەبینن، لە نمونەی دەرد و ئافات قاتوقڕی و کارەساتە سروشتییەکان، کە تەنگی بە دانیشتوانی ناوچەیەک هەڵچنیوە(ابن الاثير، ٢٠٠٦: ٨/ ٦٩٦) بەناچاری ڕێگای کۆچیان بۆ دەڤەر و شوێنی دیکە گرتۆتەبەر.

هەر لە سۆنگەی ئەو ڕوداوانەی کە سەردەمێک لە سەردەمەکان و لەماوەی لێکۆڵینەوەدا بەسەر هەندێ لە ناوچە کوردنشینەکان هاتوە، کۆچی دانیشتوانی گوند و ئاواییەکانیشی بەرەو شارەکان لێکەوتۆتەوە، بۆنمونەی بەهۆی ئەو ئاژاوەی کە لە ساڵی(٥٨١ک/ ١١٨٥ز)لە نێوان کوردەکان و تورکمانەکان لە دەوروبەری دیاربکر سەریهەڵدا، بەهۆی کوشتار و ستەمی تورکمانەکان زۆر لە دانیشتوانی ئاواییەکان کە خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە بون بەناچاری بەرەو شارەکان کۆچیان کردوە(الرهاوي المجهول، تاريخ الرهاوي، ١٩٨٦: ٢/ ٢٢٥)، نمونەی واش هەیە کە لەبەر شەڕ و ئاژاوەی نێوان هێز و لایەنەکان ژمارەی پێکهاتەیەک لەسەر حیسابی پێکهاتەیەکی دیکە زیادی کردوە، بۆ نمونە ئەرمەنەکانی ناوچەکانی (میافارقین و ماردین) بە ناچاری قوللە و قەڵاکانیان ڕادەستی تورکمانەکان کردوە(الرهاوي المجهول، ١٩٨٦: ٢/ ٢٠٢)، بەشێکی زۆریش لە خەڵکی ئاوایەکانی دەوروبەری سنجار لە ترسی کۆشتاری بێ ئامانی مەغۆل بەرەو شارەکە کۆچیان کرد(موسى الهسنياني، ٢٠٠٥: ١٣٠)، بەهۆی ئەوەی کە تاڕادەیەک شارەکان بە هۆی بونی شورە و قەڵا و ئامرازی پارێزگاری دیکەوە بە بەراورد بە گوند و پێدەشتەکان پارێزراوتربون، ئەمە و شاری ماردین بەهۆی ئەمجۆرە کۆچەوە وێنەیەکی دیکەی ئەم بابەتەیە(عماد الدين خليل، ١٩٨٠: ٤٤١-٤٤٢)، بەمشێوەیە سەرچاوەی سەرەکی بەشێکی دانیشتوانی شار گوندین، ئەوانە بە شارنشین ناودێرکراون(ڕەسول ڕەبانی، ٢٠١٣: ٢٨)، بۆ بژێوی و ئیش و کاری ڕۆژانەی بەشێک لەوانە لەسەر ڕەنێوهێنانی زەوي و زاری گوند و پێدەشتەکانی دەوروبەری شارە، وەک بەشێک لە دانیشتوانی هەولێر، کە لە دەوروبەری قەڵا و پێدەشتەکەی چەند ئاوایی و دێهات هەبون، شارێکی ئاوەدان و قەرەباڵغ بوە(یاقوت الحموي، ١٩٩٥، ١، ١٣٨)، تا شارەکە وەک ئاوەدانیەکی پەرش و بڵاوی لێهات و پتر ڕوخساری دێهستانێکی وەرگرتوە(زرار صديق توفيق، ٢٠٢١: ٣١٧)، بەمەش ڕێژەیەکی بەرچاوی دانیشتوان و پێکەوە ژیانی شارییان بەرهەمهێناوە.

بەهەرحاڵ نمونەی ئەمجۆرە ڕوداوانە سەرباری جیاوازی دابەشبونی دانیشتوان و گەورەبونی قەبارەی دانیشوانی شارێک لەسەر حیسابی شارێکی تر، تاڕادەیەک کەبونەوەی گوندنشینان و زۆربونی شارنشینانی لێکەتۆتەوە، لەڕاستیشدا گوندەکان زیاتر کەوتونەبەر مەترسی لەناوچون و کۆشتاری لەشکرکێشی هێزەکان و شەڕ و ئاژاوە ناوخۆییەکان، سەرباری کارەسات و نەهامەتیە سروشتیەکان کە زیاتر هەژار و وەرزێرانی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

دەکردە قوربانی، بەناچاری ڕێگای کۆچیان گرتۆتەبەر، ســـەرباری گرانی و بەرزبونەوەی نرخی کاڵا و بەروبومە پێویســـتییەکانی ژیان، ئیدی زۆر جار برســـیەتی هێزی لەخەڵک بڕیوە و تەنانەت کەوتونەتە منداڵ فرۆشتنێ(النویري، ١٤٢٣ه: ٢٣/ ٢٩٢-٢٩٣)، بەشێکی کۆچی خەڵکیش لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان، هەرلەبەرمەترسی ژیان و مانەوە بوە، چونکە شار لەڕوی هەڵکەوتە و چۆنیەتی دروستبون و ڕۆڵی لەپاراستنی گیانی دانیشتوانی لەڕوی تەکتیک و تەکنیکی ســـەربازی زیاتر بەرگەی لەشـــکرکێشـــی پەلامارەکانی گرتوە، یەکێکیش لەئەرکە گرنگەکانی ئەرکی ســـەربازی و پاراســـتنی ژیانی خەڵکە، هەرچەند ئەوانیش بێ وەیی و زیانی گیانی نەبون، لەلایەکی دیکەشـــەوە ئەمجۆرە ڕوداوانە بۆنە هۆکارێک بۆ گۆڕانی پێکهاتەی نەتەوەیی و ڕەگەزی و تەنانەت تەمەنیش.

لەلایەکی دیکەشـــەوە ئەو پەرەســـەند و گۆڕانکارییە ژیاری و کۆمەڵایەتیانەش کە لەســـەردەمی ئارامی و بوژانەوەی شـــارەکان، بەتایبەت لەســـەردەمی دەســـەڵاتە خۆجێییەکانی کورد و ئەتابگی و ئورتوقیەکاندا هاتۆتە ئاراوە، لە پێشـــکەوتنی لایەنی زانســـتی و ڕۆشـــنبیری و تەندروســـتی، کاریگەری کردۆتەســـەر خواســـتی بەهرەمەندبون لەدەستکەوتە شارستانییەی کە بە پلەی یەکەم لەشارەکان هاتەدی، بە تایبەتیش لە سەدەی(٥-٦ک/١١-١٢ز) وەرچەرخانێکی گەورە بەسەر بارودۆخی سیاسی و شارستانی خانەی ئیسلام بەگشتی داهات، لە ناویشیندا ناوچە کوردنشـینەکانی گرتەوە، سـەرهەڵدانی میرنشـینەکان و پێویسـتی سـودوەرگرتن لە توانای مرۆیی و هێزی بازوی خەڵک زیادی کرد، بەتایبەتیش دامودەزگاکان بۆ بەڕێوەبردنیان پێویســـتیان بە خەڵکی هەمەکارە بو، ســـەرهەڵدانی دامودەزگا خزمەتگوزارییە زانســـتی و ڕۆشـــنبیری تەندروســـتیەکانیش، کەواتە هۆکاری شارستانی (زاستی و ڕۆشنبیری) بەهۆکارێکی گرنگی کۆچی خەڵکانێکی زۆر بینیوە، کە کۆچی شار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان بکەن و تێدا بگیرسـێنەوە، بۆ نمونە شـاری هەولێر وێنەیەکی دیاری ئەم بابەتەیە، کە (ابن المسـتوفي) مێژونوسـی شـارەکە ناوی سـەدان زانا و کەسـایەتی و دەیان بنەماڵەشـی هێناوە کە کۆچی شـــارەکەیان کردوە تێداماونەوە(١٩٨٠، ٢، ٥٦٧، ج٥، ص٦٧، ١١١، ٣٢٠، ٤٦٣، ٤٧٨)، ئەمە و بنەماڵەکانی وەک (بنو نباتة و بنە مهاجر و بني عقيل و ابو منعە چەندانی دیکە)(الفارقي، ٢٠١٤، ٦٠٩؛ ابن المستوفي، ١٩٨٠، ١، ٢٣٢؛ بڕوانە: موحسین موحەممەد، هەولێر، ل ل٣٠٦- ٣١٢)، کۆبونەوەی ئەمانەش بەڵگەی مانەوەیانە لەشـارەکەدا، ئاشـتی شـارسـتانی و قەرەباڵغی شارەکەش دەگەیەنێت(یاقوت الحموي، ١٩٩٥، ١، ١٣٨)، ئەمانە و سەدان داناو زانای دیکە، کە لەڕەگەز و وڵاتی جیاوازەوە ڕویان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان کردوە، کە زۆریان ڕۆڵی گرنگیان لەدامەزراندنی چەندین قوتابخانە و فێرگەشدا بینیوە [vii].

لەلایەکی دیکەشـەوە هەر ئەو بارودۆخە شـارسـتانییە هانی دانیشـتوانی گوندی داوە بۆ سـود وەرگرتن لەو پیشکەوتن و خزمەتگوزارییە نوێیانە لانی کەم کاری ئابوری و بازرگانی و برەو سەندنی پرۆسەی خوێندن و خوێندەواری، کە کۆچ بکەن بۆ شـــارەکان، ســـەختی ژیان و باروگوزەرانی گوند و پاشـــکەوتوی فەرهەنگی و سەختی بارودۆخی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و کێشە و ململانێی خێڵەکی، بەشێکی لەدانیشتوان ناچار بە کۆچ بۆ شـــار کردوە، مەرجیش نەبوە هەمو گوندیەکان خاوەنی زەوي و زار بوبن، چونکە دیارە زاڵی ســـســـتەمی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

دەرەبەگی هەمیشـــە وایکردوە وەرزێرانی کورد وەک کرێگرتەوە و ســـەپانی دەرەبەگەکان وکەســـانی دیکە کاربکەن و بە کوللەمەرگی ژیان بگوزەرەنێن، ئەمانەی وای لە دانیشـــتوان کردوە کە بەناچاری بەدوای شوێنێکی ئارامبەخشتردا بگەڕێن(الفارقي، ٢٠٠٧: ١٤٠، ١٥٦)، سـەرباری ستەم و چەوسـاندنەوەیان و قورسـی و گرانی باج و ماڵیات و ئەرکی بێگاری و باجی ناشـــایســـتە و ناشـــەرعیش(ابن الجوزي، ١٣٥٩م، ٩/ ٢١٨)، لەلایەکی دیکەشـــەوە بەتایبەت ئەوەی پێویســـتی شـــارەکان و میرنشـــینەکانی لە هێزی مرۆیی و ســـەربازی دابینکرد، بریتیبون لە ئەندامانی خێڵە کوردییەکان، بایەخدانی میر و ســـەرۆک خێڵە کوردییەکانیش بە دروســـتکردنی دامەزراوە ســـەربازییەکان لە نمونەی قەڵا و قوللە و پەناگە و شـوورە بۆ خۆپاراسـتن لە مەترسـییە دەرەکی و ناوخۆییەکان(عبدالرقیب یوسف، ٢٠١٤ :٢/ ٣٢٦)، پێویستی ئەوانی بە هێزی سەربازی زیادکردوە، ئەمەش وایکردوە تێشـــو و بژێوی بەشـــێکی زۆری خەڵکی هەرەمەکی و خێڵەکی لەســـەر پیشـــەی چەکداری بێت، کەوایکردوە زۆرجار دەســـت بۆ بەرژەوەندی وەرزێران و کاری ڕێگریش درێژبکەن و ببنە مایەی مەترســـی، دەرەبەگە خۆماڵیەکانیش لەمبارەیەوە پشـکی زۆریان بەرکەوتوە(ابن الجوزي، ١٣٥٩م: ٧/ ٢٧٢)، ئەمەش دەگونجێت هۆکارێک بوبێت کە لە پیشـــەی تر و دەســـتڕەنگینی و پیشـــەگەری دوری خســـتۆتەوە، ئەگەر ســـەیری پێکهاتەی هێزی ســـەربازی میرنشـــینەکانیش بکەین، ســـەرباری ئەوەی خێڵەکان پێکهێنەری ســـەرەکی بون، بەڵام لە ڕەگەزی بێگانەشـی تێدا بوە، کە وەک هێزی بەکرێگیراو لەناو سـوپای میرنشـینەکان خزمەتیان کردوە(ابن الاثیر، ٢٠٠٦: ٨/ ٥٦-٥٧؛ حسام الدین نەقشبەندی، ٢٠٠٨: ٤٠٨)، سەرباری بەخشینی زەوی بەسەرکردە سەربازییەکان بەناوی (الإقتاع العسـکري) جوتیارانی لە زەوي و زار بێبەش کردوە، کە زۆرجار لەبری بەشـداریکردنیان لە جەنگەکاندا لەپاڵ لایەنێک دژی لایەنێکی دیکە لەبری دراوی نەختینە دەبەخشـــران(بۆ نمونە بڕوانە: مســـکویە، ٢٠٠٣: ٥/ ٢٨٢-٢٨٣؛ ابن الاثیر، ٢٠٠٦: ٧/ ٥٦٤) هەمو ئەمانەش هۆکارێکی دیکە بون کە وایکردوە، بەشـــێکی دیکەی دانیشـــتوانی گوند لە پێناو ژیانێکی باشتر کۆچ بۆ شارەکان بکەن.

لەڕاسـتیدا ڕوێکی دیکەی زیادبونی سـروشـتی ڕێژەی دانیشـتوان پەیوەندی بە کەمی ڕێژەی مردنەوە هەیە، چونکە زیابونی دانیشـتوان تەنها پەیوەندی بە زۆری ڕێژەی لەدایکبونەوە نییە، بەڵکو ڕێژەی مردن و جیاوازی نێوان ئەم دو دیاردەیە کاریگەری لەسەر بزوتنەوەی سروشتی دانیشتوان دادەنێت، کە بێگومان کەمی ڕێژەی مردن وەک ڕەگەزێکی ســـەرەکی لەهەمو ســـەردەمەکاندا کاردەکاتە ســـەر گەشـــەی دانیشـــتوان، نەخاســـمە توخمێکی گرنگە لە توخمەکانی گۆڕانی دانیشـــتوان، کە نەک بەتەنها پەیوەندی بە قەبارەیانەوە هەیە، بەڵکو کاریگەری بۆســـەر پێکهاتەی جۆری و تەمەنیش هەیە(بێستون حسێن اسماعیل، ٢٠١٣: ٣٨)، ئاسـتی مردن دەکرێت وەک ئاماژەیەکیش سـەیربکرێت بۆ شـیکردنەوەی ئاسـتی گوزەران و بارودۆخی جڤاکی و سـیاسـی و ئاسـتی پێویســتی گەشــەی لایەنی تەندروســتی و ڕوبەڕوبونەوەی کارەســات و ڕوداوە ســروشــتیەکان، کە زۆرجار کارەساتی مرۆیی گەورەیان خولقاندوە.

مردنیش لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری بایەلۆژی و کۆمەلایەتی و ســیاســی و ســـەربازی ڕودەدات، لەناو هەمو کۆمەڵگاکانیش بەئاســـتی جیاواز هەیە، ئەگەر ســـەرنج لە کۆمەڵگای کورد و ناوچە کوردنشـــینەکانیش



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

بەتایبەت لەماوەی لێکۆڵینەوەدا بدرێت، بێگومان لەو ماوە زۆرەدا کە نزیکەی پێنج سەدەیە، سەدان ڕوداوی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازی و سروشتی ڕویانداوە، کە کاریگەری گەورەیان لەسەر ئەم دیاردەیەش هەبوە، خۆی لەڕاستیشدا بارودۆخ و هەلومەرجی ژیان بەگشتی لەژێر کارتێکردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هۆکارە مرۆیی و سروشتییەکاندایە، کە بەهەردو باری ئەرێنی و نەرێنی چارەنوس و بەختی مرۆڤ دیاریدەکەن، ئەویش زۆر جار بەپێی ئاستی سود لێوەرگرتنی تاکەکان و خەمخۆری و ئاستی پێشکەوتنی سەردەم ڕادەکەی زیاد و کەم دەکات، وەک پێشتر ئاماژەیەکی کەم بەوە کرا، کە هەلومەرجی سروشتی و جوگرافی ناوچە کوردنشینەکان بۆ ژیان و گوزەران گونجاوبوە، سەرباری زۆری و زەوەندی سەرچاوەکانی بژێوی و داهات، کە ئازوقە و پێداویستی ژیانی ڕۆژانەیان بۆ دانیشتوان فەراهەمکردوە، بەڵام بەتەنها ئەوە بۆ بەردەوامبونی ژیان بەس نییە، کە مرۆڤ پێداویستی ڕۆژانەی ژیانی هەبێت و بژیەت، بەڵکو پێویستیەکی گرنگی دیکە کە ئەو سەرچاوانەی بۆ دەپارێزێت و سەلامەتی جەستەیی و گیانی بۆ دابیندەکات، بریتییە لە ئاسایشی دانیشتوان.

ئەگەر سەنج لەو ڕوداو و کارەساتانە بدرێت، کە بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەسەر ناوچەکە هاتون، بێگومان بێ کاریگەری و دەرئەنجام نەبون، تەنانەت شوێنەواری بەشێکیان سەرباری ئەوەی درێژخایەن بون، کاریگەری شاراوەی خراپیشیان لێکەوتۆتەوە، بەمەش برینێکی قوڵیان لەجەستەی دانیشتوان کردوە و ئاستی خۆپاراستن و چارەسەریان زەحمەتر کردوە، بۆیە لێکەوتەکانیان دەشێ فرەڕەهەند بوبن، هەروەک توێژەرێک لە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتدا بە درێژی لەسەریان دواوە، بۆیە لێرە جێی مەبەست نین باسیان بکرێتەوە(بڕوانە: مەهدی عوثمان هەروتی، ٢٠١٥: ل ٢٩١– ل ٣٤٢)، لەبەرئەوەی زیاتر واژەکان لەسەر کارەسات و نەهامەتیەکانن، زۆر پەیوەندیدارنین بە بابەتەکە لەبەرئەوە باسکردنیان بەپێویست نەزانراوە.

## ئەنجام

١– دانیشتوان وەک ڕەگەز و سەرچاوەی سەرەکی و سیمای ئاوەدانی هەر ناوچە و دەڤەرێک، بەدرێژایی مێژو ژمارەیان لەهەڵکشان و داکشان دابوە، دەکرێت ئەم دیاردەیەش بە دیاردەیەکی سروشتی ژیانی جڤاکی هەر پێکهاتە و نەتەوەیەک سەیربکرێت.

٢– هەلومەرجی گونجاوی سروشتی لە هەڵکەوتەو و ئاوهەوا و خاکدا لە ناوچە کوردنشینەکان دەرفەتی ژیانکردنی لەباری بۆ دانیشتوان ڕەخساندوە، نەک هەرئەوەش بەڵکو بۆ گەشەکردن و زیادبونی ژمارەشیان گونجاوبوە.

٣– لەڕاستیدا هۆکاری زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان بە کۆمەڵێک هۆکاری سروشتی مرۆییەوە پەیوەستبوە، لە هۆکاری ئابوری و ئارەزوی زاوزێ و دابونەریت و کاریگەری بیروباوەڕی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

ئایینی و دیاردەی کۆچ بۆ ناوچە کوردنشینەکان، بەتایبەت لەسەردەمی عەبباسیدا هۆکاری کارابون بۆ زیادبونی ژمارەی دانیشتوان.

٤- یەکێک لەو گۆڕانکاریانەی کە لە قۆناغێکدا بەسەر زۆرێک لە پێکهاتەی شارە کوردییەکاندا هاتوە، گەشەکردن و فراوانبونی ڕوبەر و قەبارەیان بوە، ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە وەک سروشتی هەرسەردەم و ناوچەکەیەکی دیکە، هەمیشە ئەو شار و شارۆچکانە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی هەمەکارە و لابەلایان بە هۆکاری جیاواز بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە.

٥- باری ژیان و گوزەران و ئاستی بژێوی لە لایەک، فرە بەرهەمی و ڕزق و ڕۆزی و بەردەستبونی پێویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی دانیشتوان لەلایەکی دیکەوە، کە ناوچە کوردنشینەکان پێی ناسراوببون، هۆکاری کاریگەر بون بۆ زیادبونی قەبارەی دانیشتوان.

٦- کۆچکردن وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و جوگرافی کۆنی ناو مێژو، کە بەهۆکاری جیاواز جۆرەکانی کۆچی مرۆڤیان بەرهەم هێناوە، کاریگەری زۆریان لەسەر قەبارەی دانیشتوان هەبوە، شارە کوردییەکانیش لەو شوێنانە بون کە لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا بەقەبارەی جیاواز چەندان ڕەگەز و پێکهاتە کۆچیان بۆ کردون، بەمەش ژمارەی دانیشتوان و قەبارەیان گەورەتربوە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

# Increasing Population in the Kurdish Areas in the Abbasid Era

## ( 132 -656 A.H / 749 -1258 A.D)

## (It is the Research on the Analytical History of the Reasons of the Increasing Population )

**Rasul Ibrahim Rasul**
History Department, college of Human sciences, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** rasul.ibrahim@uor.edu.krd

**Abstract:**

The population, could be considered as the main element of civilization, has provided the regions with a social and civilized characteristic. For example, as they have impacted the events themselves and have been a crucial role in creating them. They have always been influenced by natural and humanitarian incidents. So as a social creature, the principle of population has continued to change in terms of quantity and quality. Increasing and decreasing the population is one of the phenomena that has never been separated from elements of the population. It seems that the Kurdish areas as an old center of life and civilization have faced Weal and woe at the same time changes have happened to the population especially in the Abbasid era which was a time of events and changes. This time is the period of research on the growth and raising of the population of Kurdish areas based on historical information from the sources that focuses on the natural and human causes of population growth with its different components. The study consists of two main topics, results, and a list of sources including the principles of population enlargement and the reasons for their increase. It is based on many sources and new academic research to provide a small service to the Kurdish scientific and historical process.

**Key words:** Growing the Population, Natural and Human Reasons of Population Kurdish Cities.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24**

## سەرچاوەکان:


القران الكريم

ابن الاثير: عزالدين ابي الحسن على بن ابي الكرم محمد بن محمد الشيباني(ت٦٣٠ ه/١٢٣٢م).

الكامل في التاريخ، حققه واعتنى به عمر عبدالسلام التدمري، دار الكتب العربي، (بيروت:٢٠٠٦).

الازدي : شيخ ابي زكريا يزيد بن محمد بن اياس (ت٣٣٤ ه /٩٤٥م).

تاريخ الموصل، تحقيق علي حبيبة، لجنة إحياء التراث الاسلامي، (القاهرة: ١٩٦٧).

الاصطخري: ابو اسحاق ابراهيم بن محمد الفارسي(٣٤٦ ه / ٩٥٧م).

المسالك والممالك، دار صادر، (بيروت:٢٠٠٤).

ابن الجوزي : الإمام ابي الفرج عبدالرحمن بن علي ابن محمد بن علي (ت٥٩٧ ه /١٢٠٠م).

المنتظم في تاريخ الملوك والامم ، مطبعة دائرة المعارف العثمانية، حيدراباد، (دكن: ١٣٥٩ ه).

ابن حوقل: ابي القاسم النصيبي(ت٣٦٧ ه /٩٧٧م).

صورة الأرض، دار صادر (افست ليدن)، (بيروت: ١٩٣٨).

الروذراوري: ابي شجاع محمد الحسين بن محمد بن عبدالله(ت٤٤٨ ه /١٠٥٦م).

ذيل تجارب الامم ،ملحق بكتاب (تجارب الامم)، دار الكتب العلمية، (بيروت: ٢٠٠٣).

الرهاوي: الرهاوي المجهول(ت٦٣٢ ه /١٢٣٤م).

تاريخ الرهاوي المجهول، عربه وضع حواشيه الاب البير ابونا، مطبعة شفيق،(بغداد:١٩٨٦).

ابن السيدة: أبو الحسن علي بن إسماعيل بن سيده المرسي (ت. ٤٥٨ ه / ١٠٦٦م).

المخصص، المحقق خليل إبراهم جفال، دار إحياء التراث العربي، ط١، (بيروت: ١٩٩٦).

ابو شامة: شهاب الدين ابي محمدعبدالرحمن بن اسماعيل(ت٦٦٥ ه /١٢٦٦م).

الروضتين في اخبار الدولتين النورية والصلاحية ، تحقيق ابراهيم الزبيق، مؤسسة الرسالة، ط ١، (بيروت: ١٩٩٧).

ابن العبري: ابي فرج جمال الدين(ت٦٨٥ ه /١٢٨٦م).

تاريخ الزمان، نقله الى العربية الاب اسحق ارملة، قدم له جان موريس فييه، دار المشرق، ط٢، (بيروت:١٩٨٦).

العمري: شهاب الدين احمد بن فظل الله (ت٧٤٩ ه /١٣٤٨م).

التعريف بالمصطلع الشريف، تحقق محمد شمس الدين، دار الكتب العلمية، ط١، (بيروت: ١٩٨٨).

مسالك الابصار في ممالك الامصار، المجلد الثاني ممالك الشرق الاسلامي والترك ومصر والشام والحجاز، المحقق كامل سليمان الجبوري و مهدي النجم، دار الكتب العلمية، ط١، (بيروت:٢٠١٠).

الغزالي: ابو حامد محمد بن محمد الطوسي (ت.٥٠٥ ه /١١٠٩م).

إحياء علوم الدين، دار المعرفة، (بيروت: د.ت).

الفارقي: احمدبن يوسف علي بن الازرق(٥٧٢ ه /١١٧٦م).

تاريخ ميافارقين، تحقيق كريم فاروق الخولي و يوسف بالوكن، نوبهار، ط١، (اسطنبول: ٢٠١٤).

القلقشندي: احمدبن علي(ت٨٢١ ه /١٤١٨م).

صبح الاعشى في صناعة الإنشا، شرحه وعلق عليه محمد حسين شمس الدين، دارالكتب العلمية، (بيروت: د.ت).

ابن المستوفى: شرف الدين ابوالبركات المبارك بن احمد(ت٦٣٧ ه /١٢٣٩م).

تاريخ أربل المسمى نباهة البلد الخامل بمن ورده من الامائل، تحقيق سامى بن السيد خماس الصقار، دار الرشيد، (بغداد:١٩٨٠م).

تاريخ أربل المسمى نباهة البلد الخامل بمن ورده من الامائل، تحقيق بشار عواد معروف و صلاح محمد جزار، دار الغرب الاسلامي، الطبعة الاولى، ج٥، (تونس: ٢٠١٣).




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

مسعر بن مهلهل: ابي دلف مسعر بن مهلهل الجزري ( القرن ٤ هـ /١٠م).

الرسالة الثانية، عني بنشرها و ترجمتها وتعليقها بطرس بولغاكوف وانس خالدوف، دار النشر للاداب الشرقية، (موسكو:١٩٦٠م).

المسعودي: ابي علي بن الحسين(ت٣٤٦ هـ /٩٥٧م).

مروج الذهب ومعادن الجوهر، اعتنى به محمدهشام النعسان وعبدالمجيد طعمة حلبي، دار المعرفة ، (بيروت:٢٠٠٥م).

مسكويه: ابي علي احمد بن محمد بن يعقوب (ت ٤٢١ هـ /١٠٣٠م).

تجارب الامم وتعاقب الهمم، تحقيق سيد كسروي حسن، دار الكتب العلمية، (بيروت: ٢٠٠٣م).

المقدسى: ابوعبدالله شمس الدين محمد البشارى(ت٣٨٠ هـ /٩٩٠م).

أحسن التقاسيم فى معرفة الاقاليم، علق عليه محمدامين الضناوى، مكتبة مدبولي، ط٣، (القاهرة: ١٩٩١).

المؤلف المجهول (ت٣٧٢ هـ /٩٨٢م).

حدود العالم من المشرق الى المغرب، تحقيق يوسف هادي، دار الثقافة للنشر، (القاهرة:١٤٢٣ هـ).

مؤلف مجهول (توفي بعد٦٥٥ هـ / ١٢٥٧م).

تاريخ دولة الاكراد و الاتراك (تاريخ دولة الاكراد)، دراسة و تحقيق: موسى مصطفى الهسنياني، (دهوك:٢٠١٠م).

ناصر خسرو: ابومعين الدين القبادياني المروزى(ت٤٨١ هـ /١٠٨٨م).

سفرنامه، نقله الى العربية وقدم له وعلق عليه يحيى الخشاب، دار الكتاب الجديد، ط٣، (بيروت:١٩٨٣).

النويرى: شهاب الدين احمد بن عبدالوهاب(ت٧٣٣ هـ /١٣٣٢م).

نهاية الأرب فى فنون الأدب، تحقيق نجيب مصطفى فواز و حكمت كشلى فواز، دار الكتب و الوثائق القومية، (القاهرة: ١٤٢٣ هـ).

ابن واصل: جمال الدين محمد بن سالم(ت٦٩٧ هـ /١٢٩٨م).

مفرج الكروب في أخبار بني أيوب، تحقيق جمال الدين الشيال و حسنين محمد و سعيد عبد الفتاح عاشور، دار الوثائق القومية، (القاهرة: ١٩٥٧).

ياقوت الحموى: شهاب الدين بن عبدالله(ت٦٢٦هـ/١٢٢٩م).

معجم البلدان، دار صادر، ط٢،(بيروت: ١٩٩٥).

اليعقوبي: احمد بن يعقوب بن جعفر (ت.٢٩٢ هـ / ٩٠٥م).

البلدان، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٤٢٢ هـ).

ئەوليا چەلەبی:

سیاحەتنامە (كورد لە مێژوی دراوسێكانیدا)، وەرگێڕانی سەعید ناكام، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، (بەغدا:١٩٧٩ز).

ئیبنو ئەزرەقی فارقی: (م.لە ٥٧٢ ك /١١٧٦ز).

مێژوی میافارقین و ئامەد،وەرگێڕانی قادرمحەمەد پشدەری و ئاكۆبرهان محەمەد، چاپخانەی منارە، (هەولێر:٢٠٠٧).

ابن خلدون: ابو زيد عبدالرحمن بن محمد ( ت. ٨٠٨ ٥ / ١٤٠٥ م)

موقەدیمەی ئیبن خەلدون، وەرگێڕانی سەعید بەشیر، چاپ و پەخشی ڕێنما، چ١، (سلێمانی:٢٠١٦).

جعفر حسين الخصباك:

العراق فى عهد المغول الايلخانين(٦٥٦-٧٣٦ هـ/١٢٥٨-١٣٣٥م)، الفتح الادارة الاحوال الاقتصادية الاحوال الاجتماعية، مطبعة العانى، (بغداد:١٩٦٨م).

جودة حسنين جودة و فتحي محمد ابو عيانة:

قواعد الجغرافية العامة الطبيعية و البشرية، دار المعريفة، (د.ت).

حسام الدين النقشبندي:

اذربيجان في العصر السلجوقي دراسة في احوالها السياسية و الادارية والعسكرية، المركز الاكاديمي الابحاث، (بيروت: ٢٠١٣).

رزگار سعيد قادر بشدەرى:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

الهجره والتغير الديموغرافي وخطط التنمية في العراق اقليم كوردستان نموذجا، مركز كوردۆلوجي، (السليمانيه: ٢٠٠٩).
زرار صديق توفيق:
القبائل والزعامات القبلية الكردية فى العصر الوسيط، مؤسسة ئاراس، (اربيل:٢٠٠٧م).
صالح بن عبدالعزيز:
الزواج بنية الطلاق، دار ابن الجوزي، (السعودية: ١٤٢٨ هـ).
صبري فارس الهيتي و صالح فليح حسن:
جغرافية المدن، دار الكتب، (الموصل: ١٩٨٦).
عبدالرحمن بن عبدالخالق:
الزواج في ظل الاسلام، دار السلفية، ط ٣، (كويت: ١٩٨٨).
عبدالرقيب يوسف:
الدولة الدوستكية فى كردستان الوسطى، القسم الحضارى ج٢، الطبعة الثالثة، (السليمانية :٢٠١٤).
عماد الدين خليل:
الامارات الارتقية فى الجزيرة والشام(٤٦٥-٨١٢ هـ /١٠٧٢-١٤٠٩م)ضوء على المقاومة الاسلامية للصليبيين والتتر، مؤسسة الرسالة، (بيروت:١٩٨٠م).
فرهاد حاجي عبوش:
المدينة الكوردية من القرن(٧-٤ هـ /١٠-١٣م)دراسة حضارية، دار سپيريز،(دهوك:٢٠٠٤م).
محمد محمود محدين و طه عثمان الفراء:
مدخل الى علم الجغرافيا و البيئة، دار المريخ، ط ٤، ١٩٦٠.

حەكيم ئەحمەد خۆشناو:
كورد و كوردستان لە ديدی گەريدە و وڵاتناسانی موسڵمان(٢٣٢-٦٢٦ك/ ٨٤٦-١٢٢٩ز)،وەرگێڕانی شوكر سلێمان، چاپخانەی موكريانی، چ١، (هەولێر: ٢٠١٤).
حسام الدين على غالب نەقشبەندی:
شارەزور و لورستانی باكور لە سەدەكانی ناوەراستدا (لێكۆڵينەوەيەكی مێژويی شارستانيە)، وەرگێڕانی لە عەرەبييەوە رەنج ئەبوبكر، چاپخانەی حەمدی، (سلێمانی:٢٠٠٨ز).
رەسول رەبانی:
كۆمەڵناسی شار، و.چەكۆ ئەحمەدی، چاپخانەی رۆژهەلات، (هەولێر: ٢٠١٣).
رەشاد ميران:
چەند بابەتێكی ئيتنو كۆمەڵايەتی، دەزگای موكريانی، (هەولێر: ٢٠١٠ز).
زرار صديق توفيق:
كورد و كوردستان لە رۆژگاری خيلافەی ئيسلاميدا(٦١-٦٥٦ك/ ٦٣٧-١٢٥٨ز)، چاپخانەی رۆژهەلات، چ١، (هەولێر:٢٠١٠).
كۆمەڵگای كوردەواری لە سەدەكانی ناوەڕاستدا، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، چاپخانەی رۆژهەلات، (هەولێر:٢٠١٤ز).

لەبارەی مێژو كولتوری كوردييەوە، چاپخانەی تاران، ٢٠٢١ز.
عبدوڵلا غەفور:
جوگرافيای دانيشتوانی باشوری كوردستان، چاپخانەی حاجی هاشم، (هەولێر: ٢٠١١).
جوگرافيای دانيشتوان، چاپخانەی حاجی هاشم، (هەولێر: ٢٠١٢).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24

فائیزه محمد عزت:

ژیانی كۆمەڵایەتی كورد لەنێوان سەدەكانی(٩-٤ك/ ١٠-١٥ز)، چاپخانەی موكریان، (هەولێر: ٢٠١٤).

فوزی عەبد سهاونه و موسی عبوده سمحه:

جوگرافیای دانیشتوان، وەرگێڕانی هیوا ئەمین، دەزگای موكریان، چاپی یەكەم، (هەولێر: ٢٠٠٩).

مەلا محمودی بایەزیدی:

داب و نەریتی كورد، وەرگێڕانی شكریە ڕسول ئیبراهیم، چاپخانەی چەنجەره، چ٢، (تاران:٢٠١٥).

مەهدی عوسمان هەروتی:

مەهدی عوسمان هەروتی، نەهامەتی وكارەساتەكانی كوردستان لە سەدەكانی(٨-٦ك/١٢-١٤ز)،(هەولێر: ٢٠١٥).

نامە زانكۆیە بڵاونەكراوەكان:

بیستون حسین اسماعیل:

شـیكردنەویەكی جوگرافی بۆ گەشـەی دانیشـتوان و كاریگەری لەسـەر فراوانبونی ڕوبەری شـاری قەڵادزێ، ماسـتەرنایەكی بڵاونەكراویە، پیشكەش بە كۆلێژی ئەدەبیاتی زانكۆی سەلاحەدین كراوە، ٢٠١٣.

حسێن عبدالرحمن حسێن:

كۆچی كوردان بۆ وڵاتی شـام و مصـر لە سـەدەكانی (٧-٦ك/١٢-١٣ز)(لێكۆڵینەوەیەكی مێژوییە لە ڕەهەند و لێكەوتەكانی)، نامەیەكی ماستەری بڵاونەكراوەیە، پێشكەش بەئەنجومەنی كۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی ڕاپەڕین كراوە، ٢٠١٧.

نیشتمان بشیر محمد:

الاحوال السیاسیة والاجتماعیة والاقتصادیة لغربی اقلیم الجبال خلال القرنین الرابع والخامس الهجریین/ العاشر والحادی العاشر الملادیین، رسالة ماجستیر مقدمة الی مجلس كلیة الاداب جامعة صلاح الدین، (اربیل:١٩٩٤م).



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24**

## الهوامش:

(i) ارتق بن اكسب (م.له٤٨٤ ك/ ١٠٨٦ز): كەسایەتیەکی دیاری سەر بەهۆزی (دقر)ی تورکمانییە، ڕۆڵی دیاری لە ڕوداوەکانی سەردەمی سەلجوقیدا بینیوە، دواتر کوڕەکانی توانیان دەست بەسەر بەشی زۆری هەرێمی جزیرەدا بگرن و میرنشینەکانی ئورتوقی دابمەزرێنن، کە ناوی باوکیانەوە ناسراون. عماد الدين خليل، الإمارات الارتقية، ص٥٧.

(ii) الایلدیگزي ( ٥٣١- ٦٢٢ ك/ ١١٣٦- ١٢٢٥ز): ئەتابکیەکی تورکمانی بو لە هەرێمی ئاذربیجان سەریهەڵدا، سودیان لە لاوازی دەسەڵاتی سەلجوقییەکان وەرگرتوە، شمس الدين الايلدگزی بەدامەزرێنەری ئەتابکیەکە دادەنرێت و هەر بەناوی ئەویشەوە ناوی دەرکردوە و ناسراوە، لەسەر دەستی مەغولەکان کۆتایی بە دەسەڵاتیان هاتوە. ابن الاثير، الكامل، ج٩، ص٣٨١؛ حسام الدين النقشبندي، اذربيجان، ص٢٠٥.

(iii) دیارە جگە لە موسڵمان چەند پێکهاتەیەکی دیکەی ئایینیش لە کوردستان ژیاون، باسکردنیان جێی مەبەست نین، بڕوانە: بناز اسماعيل عدو، اهل الذمة في بلاد الكرد، ص٤٨.

(iv) بابەتی لێکجابونەوە بابەتێکی کۆمەڵایەتی هەستیارە و پەیوەندی بە ماف و ئەرکیشەوە هەیە، لە ئیسلامدا ڕیسا و یاسای خۆی هەیە، ڕاستە پەسند نییە، بەڵام هەرکاتێک ژیانی دو هاوسەر گەیشتە بن بەست، ئیدی ئیسلام تەلاقی وەک چارەسەر داناوە، بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ. بۆ زانیاری بڕوانە: أبو الحسن ابن المحاملي الشافعي، اللباب في الفقه الشافعي، المحقق: عبد الكريم بن صنيتان العمري، الناشر: دار البخارى، المدينة المنورة، المملكة العربية السعودية، الطبعة الأولى،( ١٤١٦هـ)، ص ٣٢٦.

(V) کۆچ (الهجرة): لەمێژوی ئیسلامیدا لەڕوی زمانەوانی و زاراوییەوە و فیقهیشەوە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە، کە باسکردنی جێی مەبەست نین. بۆ زانیاری بڕوانە: الفيروز آبادي، القاموس المحيط، مؤسسة الرسالة، ط٨، (بيروت:٢٠٠٥)، ص٤٩٥؛ حسێن عبدالرحمن حسێن، کۆچی کوردان بۆ وڵاتی شام و مصر لە سەدەکانی (٦-٧ک/١٢-١٣ز) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوییە لە ڕەهەند و لێکەوتەکانی)، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە، پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی ڕاپەڕین کراوە، ٢٠١٧، ل ل ١١-١٧.

(vi) هەر لەنمونەی دامەزراندنی میرنشینی حمدانی و عقیلی و مەزیدی وەک عەرەب و، سامانی و زەیاری و سالاری و بوەیهی وەک فارس و دەیلەم و ئەتابکیەکان و ئورتوقیەکان وەک ڕەگەزی تورکمان.

(vii) لەبەر درێژنەبونەوەی بابەتەکە ناتوانین نمونەی زۆر بێنینەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: امید ابراهیم جوزەلي، الحياة العلمية في اربل، ص١٢٢؛ اكو برهان، الحياه الثقافية في دياربكر،ص٧٥.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper24